# مەولەوی و دەلالەتەکانی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

ڕەوەند ساڵەح

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**پوختە**

مێژووی ئەدەبی کلاسیکیی کوردی ژمارەیەک شاعیری پێشەنگ و داهێنەر لەخۆدەگرێت. پێگەی ئەم شاعیرانە هەم لە بەرهەمی شاعیرانی هاوچەرخی خۆیاندا ڕەنگی داوەتەوە و هەمیش لەنێو شیعری مۆدێرنی کوردیدا. ((مەولەوی)) شاعیری داهێنەر و دوانوێنەری مەزنی قوتابخانەی شیعری زاری گۆرانی، لەدوای نالییەوە پلەی دووەمی هێناوەتەوە، لە ئاماژەدان بە ناوی لەنێو بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا. بێکەس ئەگەرچی خۆی میراتگر و درێژەپێدەری قوتابخانەی بابانە بەڵام تا ئاستێک هاوشان بە ((نالی))، ((مەلەوی))یشی وەکوو دالێک بەکارهێناوە. ئەگەرچی وا دەخوێنرێتەوە کە نالی شۆڕشی بەسەر قوتابخانەی دێرێنی گۆرانیدا کردووە و مەولەویش وەکوو نوێنەری ئەو قوتابخانەیە بەرگری لێکردووە، هەر بۆیە لەنێوان ئەو ژمارە زۆرەی نامەشیعرییەکانی مەولەوی لەگەڵ دۆستانی شاعیریدا هیچ باسوخواسێکی نالیی لەلا لەئارادا نییە. وەکو ئەوەی مەولەوی پرۆژەکەی نالیی بەدڵ نەبووبێت! بەڵام شێرکۆبێکەس لە دەرەوەی ململانێی ئەو بزاوتە شیعرییانەی ئەو سەردەمەوە، نالی و مەولەویش وەکو دوو داهێنەری گەورەی شیعری کوردی، بۆ ئامانج و مەبەستی جیاواز دەیانکاتەوە بە دالی شیعری و دەلالەتی جیاوازیان لێ بار دەکات. ئەو ئاماژە زۆرەی بێکەس وەکو شاعیرێکی نوێخواز بۆ مەولەوی وەکو شاعیرێکی کلاسیک کە تەنانەت لە دەرەوەی بازنەی زاری خۆیەتی، واتای گەورەیی مەولەوییە لای شاعیر و زانیاریی و ئاگایی شاعیرە لەبارەی پێگەی مەولەوییەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. بێکەس لە کۆی شیعرەکانی ساڵانی سەرەتای نووسینی هەتا ساڵی١٩٩٩ بە نزیکی (٣٩) جار و لە (٣١) دەقی خۆیدا ئاماژە بە ناوی مەولەوی دەکات. ئەڵبەتە ئەم ئاماژانە خاڵی نین لە ئەفراندنی واتا و هێمای شیعری. بێکەس دێرەشیعرێکی مەولەوی دەکات بە دەروازەی چامەیەکی خۆی و لە وتاری پێشەکیی بەرهەمێکیدا باس لە پێگەی مەولەوی دەکات و ئەوانی دی هەموو لە دەقە شیعرییەکانیدا هاتوونە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە دەلالەتەکانی ئەم هێمایانە بە میتۆدی وەسفی-شیکاریی ڕاڤە بکەین.

**وشەی کلیلی**: دەلالەت، شیعر، مەولەوی، شێرکۆبێکەس.

**پێشەکی**

مرۆڤ ناتوانێت تەنها بەو وشانەی لە فەرهەنگی زمانەکەیدا هەیە پەیام و مەبەست بگەیەنێت، زمان زۆر لەوە زیاتر توانای گونجاندن و ڕۆڵی گەورەتری هەیە هەتا واتا و چەمکی تازە دروست بکات. دوو بنەما گرنگەکەی زمان کە گوتن و مانان دەرکەوتەی جوانییان لە پێکەوەبوندایە. پێکەوە ئاستە بەرزەکانی ڕەوانبێژی دەنووسنەوە تەرازوویەك بۆ بەهای هونەری دەسازێنن. شیعر لە ڕێگەی ئەو بەیەکەوەبوونەوە باڵا دەکات و نەشونومای زیاتر دەکات. لەم توێژینەوەدا وێنا و واتا خوازراوەکانی شاعیرێکی گەورەی وەکوو مەولەوی کە مەزنترین شاعیری میراتگری قوتابخانەی دێرینی شیعری کوردیی گۆرانییە، لەنێو وێنای شاعیرێکی داهێنەری وەکوو شێرکۆ بێکەسدا کە بە فۆرم و تەکنیکی تازەوە، درێژەپێدەری قوتابخانەی بابانە بە ڕێبەریی نالی و هاوڕێیەکانی کە هاوچەرخی مەولەوی بوون، بەڵام لە شیعردا سەربە ڕەوت و قۆناغێکی دیکەی شیعری کوردی بوون؛ هەم لە فۆرم و هەم لە شێوازی زماندا. ئەم وێنایەی بێکەس بۆ مەولەوی لەنێو تێکستەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. مەولەوی کە وەکوو زانایەکی ئایینی بە گیانێکی سۆفیگەرانەوە، شاعیرێکی پایە بەرزی مێژووی ئەدەبی کوردییشە، کە ڕەوتی شیعری کوردیی گۆرانی گەیاندووەتە لوتکە و هەڵبەستە پڕ شۆرەکانی و هەستی ناسك و غەزەلیاتی دڵگیری جێی خۆی لەناو ئەدەبیاتی کوردی و کۆنەستیی نەتەوەیی کورد کردۆتەوە. خاڵی گرنگ کە تەوەری سەرەکیی توێژینەوەکەیە، وێنای ئەم شاعیرە مەزنەی مێژوومان، لەنێو بەرهەمی شاعیرێکی مۆدێرنخوازی وەکوو شێرکۆ بێکەسدا چۆن ڕەنگی داوەتەوە و شاعیر ئەم سیمبوڵە نەتەوەییەی لە شیعردا چۆن جارێکی دیکە کردووەتەوە بە سیمبوڵ و ئەم سیمبوڵە چی دەلالەتێک هەڵدەگرن. لای بێکەس کۆی مێژوو و نەتەوە و حیکایەت و ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانی نەتەوە بوونەتە بنەمای شیعری. لەم گۆشەنیگایەوە مەولەوی وەکوو دالێک و واتا خوازراوەکانی وەکوو مەدلوول، لە شیعرەکانی بێکەسدا

sjh@univsul.edu.iq

هەڵدەهێنجین تا مەدلولەکانی کەشفبکەین و وێنەی شاعیرێکی گەورەی کلاسیك لە وێنای شاعیرێکی داهێنەری هاوچەرخدا پیشانبدەین کە سەربە دوو ڕۆژگار و دوو ڕەوتی شیعریی جیاوازن.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە/**

کەمی کاری لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم میتۆدە، پێکەوەبەستنی دوو شاعیری دوو قۆناغ و شێوازی جیاواز، هەروەها کاریگەری و گەورەیی شاعیرێکی کلاسیك لای شاعیرێکی هاوچەرخ و ڕەنگدانەوەی کەسایەتی و دەورانی مەولەوی لە ناو شیعری شێرکۆ بێکەسدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە/**

دەرخستنی وێنە و پێگەی مەولەوی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا لە ڕێگەی ڕاڤەی ڕەمز و ئاماژەکانی مەولەوی لە دەقی شیعریدی ئەم شاعیرە و گەیشتن بە واتا خوازراوەکانی ئەم ڕەمزانە لە ڕێگەی بەکاربردنی ناوی (مەولەوی)یەوە.

**سنووری توێژینەوەکە/**

سنووری ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیە لە مەولەوی وەکوو ڕەمزێکی شیعری لە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا، کۆی بەرهەمەکانی بێکەس دەگرێتەوە کە ئەزموونی یەکەمی تا بەرهەمەکانی ساڵی (١٩٩٩) دەگرێتەوە. وێڕای خستنەڕووی پوختەیەک لە ئاماژەدان بە بەڕەمزکردنی مەولەوی لە شیعری کوردیی سەرەتای سەدەی ٢٠ز بە دواوە تا دەرکەوتنی شێرکۆ بێکەس.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە/**

لە دوو بەش پێکدێت. بەشی تیۆریی و بەشی پراکتیکی.

**١-بەشی یەکەم**

**١-١-پوختەیەك سەبارەت بە نیشانەناسی (دال و مەدلوول)/**

وشە یان هەر یەکەیەکی زمانەوانی لە دوو بنەما پێکهاتووە لەیەك جیانابنەوە، ئەویش گوتن و مانایە. پەیوەندی نێوان گوتن و مانا پەیوەندی بە بەهای هونەری دەربڕینەوە هەیە. دەربڕینیش هونەری تێگەیشتن دەئافرێنێ. بەهای تێگەیشتنیش دەمانباتەوە سەر زانستی دەلالەتخوازی.

دەلالەتخوازی بە تایبەت لەناو دەقی شیعردا ئاستی بەرزی ڕەوانبێژی دەردەخات. بە چەندین ڕێگە دەچێتەوە سەر بابەتی خوازە و لە واتا ڕاستەقینەکە دووردەکەوێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دەستەواژەی دەلالەت بەرهەمهێنانی حەقیقەتە. گوزارشتە لە ئاستی ناوەرۆك و بەرهەمهاتوو. بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی تەواوی بابەتەکە پێویستە بگەڕێینەوە سەر زانستی (سیمۆلۆژیا) چونکە ئەم زانستە کارکردنە لەسەر ڕەمز و نیشانە و هێما و دەلالەتەکانی ناو دەق. ئەم زانستە زیاتر ڕۆدەچێتە شرۆڤەی نیشانە و کۆدەکانی زمان. لە ڕاستیدا نیشانە ڕاگواستنی بیر و ئەندێشەیە لە ڕێی پەیامێکی تایبەتەوە لە دووبەشی دال و مەدلول پێکدێ. دال و مەدلول دەبنە پێکهێنەری مانای بنچینەیی. (سیمۆلۆژیا) یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنەییە نوێیەکانی پاش بوونیادگەری کە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە. ئەم میتۆدە کار لەسەر زمان و دەلالەتەکانی زمان دەکات بەو پێیەی خودی شیعر زمانە، هەڵگری چەندین کۆد و ئاماژە و ڕەمزە و دەوڵەمەندکرنی زیاتری زمان و فەرهەنگە. دەلالەتی زیاتر فراوانبوون و پەرەسەندنی زیاتری واتای دەقە. بەدوای کەشفکردنی ڕاستی واتا و وشەی ناو زمانەوەیە بە سیستمی نیشانەیی. ڕیشەیی ئەم زاراوەیە بۆ یۆنانی دەگەڕێتەوە. (لە فکری یۆنانی کۆندا ئەفلاتون و ئەرستۆ باسی تیۆری مانا دەکەن کە ئاماژەی جیاجیای لێدەبێتەوە ئەمە ناودەنێن ((semio)) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای ئاماژە دێت) (مەنتك،٢٠١٨: ١١٢) دواتر ئەم زاراوەیە بەپێی سەردەم و قۆناغەکانی گەشەندنی مرۆڤایەتی، ئەویش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەروەها (وشەی ((Semon)) لە یۆنانی کۆندا بە واتای نیشانە بەکارهێنراوە، بۆیە لە کۆندا لە بواری پزیشکیدا بۆ هەر سیپتۆمێك لە نەخۆشەکاندا دەردەکەوت، بەو هۆیەوە جۆری نەخۆشییەکە دەسنیشاندەکرا) (عەلی،٢٠١٣: ١٦). سیمۆلۆژیا کارکردنە لەسەر واتای نیشانەکان و ئەو مەدلولانەی کە نیشانەکان گەیاندوویانە. ("جۆن لۆك" زاراوەی "Semiotica"ی بە واتای میتۆدە

مەعریفییە فەلسەفییەکان پاشان بە واتای تیۆریی نیشانەکان بەکارهێناوە. دواتر ئەم زاراوەیە گوازراوەتەوە بۆ بواری لۆژیك و زانستی زمان و دواتریش ئەدەب و کلتور) (عەلی،٢٠١٣: ٦). (لە زمانی ئینگلیزیدا هەرسێ زاراوەی " Semeiotics, Semiology, Semoiotic" واتای زانستی نیشانە یان ئاماژە دەگەیەنن، بۆیەش لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا پشت بە زاراوە ئینگلیزییەکان دەبەسترێت.) (مەنتك،٢٠١٨: ١١٢) لە زمانی عەرەبیدا "علم الدلالة" و لە زمانی فارسیشدا "نیشانەناسی" وەك زاراوە بەکاردێ، لە زمانی کوردیشدا "زانستی ئاماژە یان زانستی نیشانە" بەکاردێ.

چەمکی سیمۆلۆژیا لە ئەدەبیاتدا ڕێیەکی کاریگەرە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو نیشانە و هێمایانەی لە دەقدا هەن. بۆ ڕاڤەکردنی زیاتری ئەم بابەتە دەبێ ڕووبکەینە "سۆسێر" (سۆسێر "دال و مەدلول" تەشبیە دەکات بە مرۆڤ کە پێکهاتووە لە جەستە و ڕوح، یا بە پەسەندتری دەزانی تەشبیهیان بکات بە ئاو، ئاو لە دوو ڕەگەزی هایدرۆجین و ئۆکسجین پێکهاتووە، گەر هەر ڕەگەزێکیان بەجیا وەربگیرێ خەسڵەتی ئاوی تێدا بەدیدەکرێ. "دال و مەدلوول لای سۆسێر بریتین لە دەنگ و بیر، بۆیە ناتوانرێ نە دەنگ لە بیر و نە بیر لە دەنگ جیابکرێتەوە.) (حەمەد،٢٠١٢: ١٦٨). ( محمد عەزام دەڵێت: سۆسێر یەکەم کەسە وشەی سیمۆلۆژیای لە فەرەنسا بەکارهێناوە و جەخت لەسەر زمان دەکات و دەیکاتە چەترێك، کە هەموو زمانە ئاماژەییەکانی تر دادەپۆشێت) (عزام، ١٩٩٦: ٧) سۆسێر گۆشەیەکی تەواو جیاوازی هەڵبژارد" توێژینەوە لەسەر زمان بە درێژایی زەمان" (سۆسێر لە گەڕانیدا بەدوای سەرچاوەی ڕواڵەتی وشەکان ئەسڵی جیاکردنەوەی نیشانە زمانییەکانی دەستنیشانکرد.) (بێرتێنز،٢٠١٤: ١٠٤) (ئەسڵی جیاکرنەوە نەك هەر بۆ جیاکردنەوەی وشەکان لەیەکتر دەکەوێتە گەڕ، بەڵکو لە هەمان کاتدا ماناگەلیش لەیەکتر جیادەکاتەوە، نیشانەی زمان هەم ڕواڵەتە هەمیش مانا، سۆسێر بە ڕواڵەتی گووت: "دال" و بە ماناشی گوت: "مەدلوول" گۆڕانی دال هەرچەندە کەم بێت مەدلولێکی نوێی بەدوادا دێت.) (بێرتێنز، ٢٠١٤: ١٠٥) (سۆسێر جیهانێك لە شێوازی جیاجیای نیشانە چ لە سروشت و چ لەو کەلتوورەشدا کە خۆی دروستی کردووە، دەوری مرۆڤی داوە. لەنێو نیشانە کەلتوورییەکاندا وشەی زمان بێهاوتا گرنگترینە. لە نیشانەی زماندا "وشە" بە شێوە و ناوەرۆك جیادەکاتەوە، لەشی فیزیکی وشە، نەبرەی فیزیکیی دەنگی یان بە پلەی دووەم نووسین و بینراو بەرجەستەیە. واتابەخش=دال، ناوەرۆك و چەمکەکەی بە مەدلوول ناودەبات.) (هاڵبێرگ، ٢٠١٨: ١٤٠) (سۆسێر پێی وایە زمان سیستمێکە لە نیشانەکان و گوزارشت لە بیرێك دەکەن، بەڵام قسەکردن کارێکی تاکی و ئیرادی و عەقڵییە. کەوایە بە بێ دالەکان و بە پێچەوانەوە بەهایان نییە.) (عەلی، ٢٠١٣: ١٠) (بەڵام لە لای "جان کۆهین" جیازییەکە لە چەشنی پەیوەندییە تایبەتییەکان کە لە نێوان دال و مەدلولدا هەیە لە لایەکەوە و لە نێوان مەدلوولەکان لە لایەکی ترەوە بەدیدەکات، ئەمە لەگەڵ بۆچوونەکەی"ڕۆلان بارت" یەکدەگرێتەوە کە جیاوازی نێوانیان لە جەوهەردا نییە، هێندەی بەندە بە شێوازی دەربڕین، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا بە شێوەی زمانێك دەمێنێتەوە کە بیرە نەمرەکان دەگوازێتەوە.) (حەمەد، ٢٠١٢: ١٦٧) (سۆسێر دەڵێت: زمان بریتییە لە کۆگایەك لە نیشانەکان و نیشانەش یەکەیەکی بنچینەییە لە پرۆسەی پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، دوولایەنی سەرەکی لەخۆدەگرێت کە بریتیین لە دال و مەدلول) (عەلی، ٢٠١٣: ١٠).

(سەبارەت بە بەرفراوانی ئەم میتۆدە"مایك ئابرامز" دەڵێت: سیمۆلۆژیا تەنها بریتی نییە لە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی زمان، هاتوچۆ، بەڵکو زۆربەی چالاکی و بوارە مرۆییەکانی تری وەك ئاماژەلەشییەکان، نەریتی کۆمەڵایەتی، جلوبەرگ، ئامرازی کارکردن.....تاد، دەگرێتەوە و دەتوانرێت لێکبدرێتەوە. دواتریش"ڕۆلان بارت" جگە لەمانە سیمۆلۆژیای بردە نێو ئاماژەکانی مۆدێل و جلوبەرگ و وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆ و خۆشتن و ماکیاج و چێشتلێنان، کاتێك لە مۆدێلێك دەکۆڵێتەوە میتۆدی سیمۆلۆژیای بەسەردا پراکتیك دەکات، تەنانەت بەسەر ئەفسانەشدا پراکتیزەی کردووە، واتە: دال + مەدلول = ئاماژە، ئەمە گرێدەدات بە مانا و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و کلتورییەوە.) (عەلی، ٢٠١٣: ١٠) لە ڕوانگەی میتۆدەکانی ئەم زمانناسانەوە لێکۆڵینەوە لە بوارە واتاییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە شیعردا دەنوێنن و دەبنە کەشفکردنی لایەنەکانی بیری نێو شیعرەکە و دەلالەتەکان کەشفدەکەن. ڕەمز و کۆدەکانی ناوشیعر چەندین ڕەهەندی نوێ دەبەخشێت، لێکۆڵینەوەکان هەستی شاعیر دەخەنە بەر تاقیکرنەوە تا مەبەستە بنچینەییەکانی شیعرەکە کەشفبکرێ. دەقی ئەدەبی و دەقی شیعری لەبەردەم گریمانە و مەسەلە و بۆچووندایە، دەقی ئەدەبی جیهانێکی شاراوە و ئاڵۆزە خوێنەر دەبێ لە جۆری خوێنەری نموونەیی یان خوێنەری شارەزا بێت تا توانای دۆزینەوەی کۆدەکانی شیعری هەبێت و خۆی لەناو دەقدا بتوێنێتەوە و خۆی بخاتە جێی بەرهەمهێنەرەکە، سنووری بیرکردنەوەی کراوەبێت و هەستیارییانە بە دوای مانادا بگەڕێت.

١-٢-کەسایەتی وەکو مەدلوولێکی شیعری/

کەسایەتی جگە لەوەی کە یەکەیەکی زمانییە لەناو دەقدا وەکو نیشانە یان ئاماژە پێشاندەدرێ، کەسایەتی لەناو دەقدا ئەرکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ. ناوی کەسایەتییەکە دالە و مەدلولەکەی هەڵگری ئەو دەلالەتانەیە لە کەسێتیی کەسایەتییەکەدا هەیە، بەمەش نیشانە زمانییەکانی ناو دەقەکە و مەدلولەکان زیاتر دەبن. ناوی کەسایەتی لە شیعردا مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە ڕۆڵ و کاریگەری ئەو کەسایەتییە لە بازنەیەکی بچوکی شیعریدا پیشان دەدات. کار و کردەوەکانی کەسایەتییەکە لەناو شیعرەکەدا دەردەخات، لەم ڕووەوە شاعیریش ئەرکی زیاتری دەکەوێتە سەرشان ئەویش بە شارەزایی و زانیاری لەبارەی مێژووی نەتەوە و ئەفسانە و داستان و ئایینەکان و دابونەریتی کۆمەڵگە و خەباتی سیاسی و شۆڕشەکان. زۆرجاران شاعیر بۆ دەرخستنی کەسێتی کەسایەتییەکان ڕەنگی پێست و چاو و باڵا و هەڵسوکەوتیشی باسدەکات، شیعرییەت لە سیما دەرەکییەکانی کەسەکەوە هەڵدەهێنجێت. بەدەر لەمانە شاعیر بە پێی شارەزایی و خوێندنەوەی زۆری ئەو بابەتانە ئاماژە بە سیفاتە ناوەکییەکانی کەسەکە دەدات وەك دەروونی و بیرکرنەوەی کەسەکە، باس لە باشی و خراپی و بەخشندەیی و زیرەکی ئەو کەسە دەکات. شاعیر ئەم سیفاتانە لەناو دەقدا بەرجەستە دەکات بۆ ناساندنی زیاتری کەسەکە. کەسایەتییەکانی ناو دەق زیاتر واقعین، هەندێ جار کەسایەتی ناو ئەفسانە و حیکایەتەکانن. شاعیری زیرەك و جیهانبین جگە لە نەتەوەی خۆی کەسایەتی نەتەوەکانی تریش باس دەکات. ئاماژەدان بە کەسایەتی لەناو دەقدا بەپانتاییکردنی زیاتری دەقەکەیە بەوەی کە هەڵگری کۆمەڵێ دەلالەتی جیاوازە و بەرهەمهێنەری مەدلولە. (فلیپ هامون دەڵێت: کەسایەتی یەکەیەکی دەلالییە بەو پێیەی مەدلوولێکە و شیاوی لێکدانەوە و وەسفە، وا سەیری کەسایەتی دەکرێت کە ناوێك بێت بە دوای مانادا بگەڕێت، یاخود دالێك بێت بە دوای مەدلوولێکدا بگەڕێت) (هامون،١٩٩٠: ٣٣) شاعیر هەندێجار بە مەبەست ناوی ئەو کەسایەتییانە دەخاتە ناو دەقەوە هەتا ئەو ڕۆڵە گرنگەی لە واقیعدا هەیبووە لەناو دەقدا بە زیندوویی بیهێڵێتەوە، هەندێجاریش بێ مەبەست ناوی کەسایەتییەکان دەهێنێ، یان تەنها بۆ خۆشەویستی و ڕێزگرتن یان بۆ فراوانبوونی زیاتری دەقەکەی. کەواتە ناوی کەسایەتی لەناودەقدا دالێکە و مەدلوولی جیاوازی هەیە کە پەیوەستە بە کردار و ڕۆڵی کەسەکە لە ژیاندا.

### ١-٣-شاعیر وەکو مەدلوول لای شاعیرانی کورد/

چ کەسایەتی جیهانی چ کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد زۆر لەناو دەقی شاعیرانی کورددا بەرچاو دەکەون بەهۆی ڕۆڵی گەورە و گرنگی ئەو کەسە یان خۆشەویستی یان بۆتە ڕەمزێکی جیهانی. یاخود تەنها وەکو بیرخستنەوە و لەیادنەکردنی ئەو کەسایەتییەیانە ناویان دێت. لەناو شیعری شاعیرانی کورددا زۆر کەسایەتی جیهانی مێژوویی و سیاسی و ئەدەبی و هونەری لەپاڵ کەسایەتییە ناسراو و ڕەمزەکانی نێو نەتەوەی کورد ناویان دێت. هەروەك چۆن شاعیرانی کلاسیک بە شاعیرانی کوردیشەوە، کەسایەتییە ئایینی، مێژوویی، میتۆلۆژیی، داستانییەکانیان چ وەکو خوازە یان ڕەمز وەکو دالێکی شیعری بەکاردەهێنا و کۆمەڵێك دەلالەتیان لێ بار دەرکرد، چ لەسەردەمی خۆیان یان قۆناغی دواتر، بەتایبەتی پێشەنگەکانیان، خۆیان دەبوونەوە بە دالێکی شیعری لەنێو دەقی شیعریدا.

## ٢-بەشی دووەم

### ٢-١-مەولەوی و ڕۆڵی ئەو لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا/

مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢ زایینی) دیارترین شاعیری سەدەی نۆزدەی زایینی سەربە قوتابخانەی شیعری گۆرانە. خاوەنی خەیاڵێکی بەربڵاو و ئاسۆیەکی ئێجگار فراوانی هەیە. دەقەکانی شیعری مەولەوی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن چ لە ڕووی بنیادی شیعری و چ لە ڕووی زمان و جیهانبینییەوە. مەولەوی لەگەڵ ئەوەی هاوسەردەمی شاعیرانی کلاسیکی بابان بووە، بەڵام ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی گرتووە لە شیعردا؛ لە کاتێکدا شاعیرانی بابان بە کێشی عەروزی عەرەبی و لەژێر کاریگەری شاعیرانی فارسدا شیعریان نووسیوە. بەڵام مەولەوی بە کێشی فۆلکلۆری و کێشی پەنجەی خۆماڵی شیعری نووسیوە. مەولەوی لە شیعرەکانیدا وێنەی ئەو واقیعەی گرتووە کە تێیدا ژیاوە و ئەویش سروشتی جوان و ئارام و دڵڕفێنی هەورامانە. ئەزموونی سۆفیگەریی خۆی و وەسفی جوانی لە شیعرەکانی مەولەویدا زادەی بەرهەمی ئەو واقیعەیە کە تێیدا بووە. ئەدەبی گۆران کە گەنجینەیەکی دێرین و دەوڵەمەندە، مەولەویش شاعیرێکی بەرز و کاربەخشی مێژووی ئەو ئەدەبەیە. تایبەتمەندی شیعری مەولەوی لە کێشی بڕگە و هونەرسازی و ساکاری زمان و ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی تێروتەسەلە. ئەم خەسڵەتانەیە شیعری مەولەوییان گەیاندۆتە لوتکە.

(مەولەوی لەناو زاناکانی کورددا پایەیەکی بڵندی هەبووە، بەتایبەتی لە "علم الکلام" دەستێکی باڵای هەبووە، ئەو دانراوانەی لەپاشی بەجێماون هەموو دەربارەی ئەم عیلمەن، وەکو:

١-الفضیلة/ شیعری عەرەبییە، عەنتیکەیەکی هونەرییە جگە لەوە مەعنایەکی عیلمی زۆر ورد و بەرزی هەیە.

sjh@univsul.edu.iq

٢-العقیدة المرضیة/ شیعری کوردییە، بە زمانێکی سادە و ئاسان نووسراوە تا قوتابییە تازەپێگەیشتووەکان لێی حاڵی بن.

٣-الفوائح/ شیعری فارسییە.

لە باسی مەولەوی تاوەگۆزیدا پێویستە ئەو خاڵە گرنگەمان بیرنەچێت کە ئەدەبیاتی نامە و یەکەمین نامەی ئەدەبی لەلایەن مەولەوی تاوەگۆزییەوە نووسراوە. (یەکەم نامەی کوردی بە پێنووسی مەولەوی نووسراوە بۆ ئەحمەدبەگی کۆماسی، لە کاتێکا هەردوو شاعیر بە شێوەزاری هەورامی شیعرییان نووسیوە، بەڵام نامەکەی مەولەوی بە شێوەزاری سۆرانی جافی نووسراوە.) (نازدار، ٢٠١٠: ٥)

مەولەوی بەهۆی ئەو بەرهەمە زۆرەی لە شیعر و ئەو کاریگەرییەی لە داهێنانی شیعرییدا هەیبووە، وای کردووە هەر زوو لە سەردەمی خۆی و لە دوای خۆی تا قۆناغی سەرهەڵدانی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، ناو و ناوبانگی و بەرهەمەکانی بە وڵاتی کوردەواریدا بڵاوبێتەوە و هەمیشە ناوی لەناواندا بێت و لە یەکەمەکانی لیستی شاعیرە گەورەکانی کورد بێت. هەر لە سەردەمی خۆیدا ناو و شیعری مەولەوی لەناو شیعری دەیان شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە. حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) لەدوای ئەوەی بیری نەتەوەیی لەلا سەرهەڵدەدات و درک بە نووسینەوەی مێژووی کورد دەکات بە هەموو کایەکانییەوە، لە قەسیدەی (شەهسواری بەلاغەتی کوردان)دا وەکوو مێژوونووسێکی ئەدەبی هەوڵی خۆی دەدات و بە دیدێکی بەرزەوە ناو و بەرهەمی دەیان شاعیری کورد بەسەردەکاتەوە، لەنێویاندا (مەولەوی)ش لە شاعیرە پایەبەرزەکانی کوردە. قۆناغی دوای ئەمین فەیزی بەگ (١٨٦٠-١٩٢٨) لە (ئەنجوومەنی ئەدیبان)دا کە ساڵی ١٩٢٠ز لە ئەستەمبووڵ چاپ و بڵاوی کردەوە و زۆرجار بە یەکەم ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی دەژمێردرێت، هاوشان لەگەڵ ژمارەیەک شاعیری دیکەی کورددا، کورتە باسێک و ژمارەیەک شیعری مەولەوی دەخاتە ڕوو. لە دوای ئەو پیرەمێردی نەمر دێت و دیوانی مەولەوی و (ڕوحی مەولەوی) بە سۆرانی ساڵی ١٩٣٥ بڵاودەکاتەوە و بە نەوەی تازەی خوێندەوارانی کوردی دەناسێنێتەوە. لەگەڵ هاتنی مامۆستا سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) و نووسینەوەی (مێژووی ئەدەبی کوردی) و بڵاوبوونەوەی لە ساڵی ١٩٥٢دا مەولەوی و شیعری مەولەوی بە هەڵسەنگاندنەوە چووە قۆناغێکی تازەوە. دواجار خوێندن بە زمانی کوردی لە پرۆگرامی قوتابخانەدا و وانەی زمان و ئەدەبی کوردی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕانەوە لە ناساندنی شاعیرانی کورد بەگشتی و مەولەویش لەنێویاندا بە توێژی خوێندەوارانی کوردستان.

**٢-٢-مەولەوی لە شیعری شاعیرانی کوردیدا/**

مەولەوی کە خۆی شاعیرێکی پایەرزی کوردە وەک بەتواناترین میراتگری قوتابخانەی لەمێژینەی شیعری گۆران، بەڵام لە شیعرەکانیدا سەرسامی خۆی بۆ سێ شاعیرانی پێش خۆی دەربڕیوە و شیعری تێهەڵکێش کردوون و وەکو داڵێکی شیعری ئاماژەی پێ کردوون. کە ئەوانیش: مەلا مستەفای بێسارانی کە بە (ئوستادی کامل) ناوی دەبات، وەلی دێوانە و سەیدی هەورامی. مەولەوی بەهۆ ی تواناکەیەوە لە ئەفراندنی دەقی شیعریدا چ لە ئاستی هزری و چ لە ئاستی هونەریدا، کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی و شاعیرانی قۆناغەکانی دوای خۆیشییەوە هەبووە. ئەمەش لەناو دەقە شیعرییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام بەهێزترین ڕەنگدانەوە ئەوەیە کە شاعیران ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناوی مەولەوی دەکەن و وەکو سیمبوڵێکی گەورە تەماشایان کردووە. لەبەر ئەوەی تەوەری باسەکەی ئێمە بریتیە لە مەولەوی وەک داڵێکی شیعرییە لە دیوانی شاعیرێکی داهێنەری شیعری مۆدێرن لە سەدەی بیستەمدا، بۆیە تەنها دەگەڕێینەوە بۆ دیوانی شاعیرانی سەدەی بیستەم و نموونەی چەند شیعرێک دەخەینە ڕوو کە چۆن (مەولەوی)یان وەکوو داڵی شیعری بەکارهێناوە. ئەڵبەتە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین لیستی ئەو شاعیرانە زۆرە و ژمارەیەکیان بە فۆڕمی کلاسیک نووسیویانە و نموونەی شیعریی ئەم شاعیرانە ناخەینە ڕوو، تەنها ئەو شاعیرانە بەسەردەکەینەوە کە سەربە بزاوتەکەی گۆڕانی شاعیر و قۆناغی دوای ئەون. بەشێک لەو شاعیرانەی ناو و یادی مەولەوی بەسەردەکەنەوە و وەکو مەدلوولی شیعری بەکاریان هێناوە: پیرەمێرد، حەقیقی، سەیید کامیل، مەلا کەریم فیدایی، خادیم، شێخ ئەحمەدی شاکەل، نایع مەزهەر، کامەران موکری، قانیع، گۆران، حیلمی کاکەیی، بێخود، ئەخۆل، سابیری، لوتفی و ...هتد.

٢-٢-١-حاجی تۆفیقی (پیرەمێرد) (١٨٦٧-١٩٥٠): ڕاستە بەشێکی لە سەدەی نۆزدەدا بووە. بەڵام هەوڵەکانی بۆ زیندووکردنەوە و زیندووڕاگرتینی هەست و گیانی مەولەوی لە سەدەی بیستدا جێگای خۆیەتی بخرێتە بەرباس. پیرەمێرد، دیوانی مەولەوی بە گۆڕینیشییەوە بۆ زاری سۆرای بە ناوی (ڕوحی مەولەوی) پێکەوە چاپ و بڵاو دەکاتەوە. کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە. لە پێشەکیی کتێبی (ڕوحی مەولانا خالد) کە هاوشێوەی هەوڵەکەی مەولەوییەتی، هێند قووڵ چووەتە ڕوحی مەولەوییە، لەوبارەوە دەڵێت: ئێمە فەیز و بەهرەیەکی وامان لە ڕوحی مەولەوی وەرگرت، توانیمان پایەیەک

زۆرتر سەرکەوینە ئاسۆی پرشنگی ڕۆحی مەولانا خالد. (پیرەمێرد، ١٩٨٧: ٢٠) جگە لەمە پیرەمێرد چوار جار شیعری مەولەویی تێهەڵکێش کردووە کە نیشانەی کاریگەریی ئەو شاعیرەیە لەسەر پیرەمێرد. لە دوو شیعریشی دیکەشدا ناوی دێنێت و لە ساڵی ١٩٤٣ شیعرێکیشی بۆ یادی نووسیوە کە خۆی مەولەوی بە چاو بینیوە. پیرەمێرد سروشی شیعرەکەی لە هونەری شیعری مەولەوییەوە وەرگرتووە:

(مەولەوی)م دیبوو ئەوسا کە مابوو لە تافی پیریی ئێستای منا بوو (پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٢٢٥)

٢-٢-٢-قانع (١٨٩٨-١٩٦٥): لە شیعری (گۆرانی شیوەن)ی کۆمەڵەی (باخچەی کوردستان)دا شیعری مەولەوی بە دانەی گەوهەر وەسف دەکات:

خۆش خوانان بانگ کەن، هەڵکەنە قەتار
فەردی (مەولەوی) دانەی گەوهەربار (قانع، ١٣٩٣: ٣٨٢)

٢-٢-٣-گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢): نوێکەرەوەی شیعری کوردییە لە سەدەی بیستدا بە گەڕانەوە و سروش وەرگرتن لە قوتابخانەی شیعری زاری گۆرانی کە مەولەوی بەتواناترینی نوێنەری بوو، بۆیە ئەم سروشە ڕاستەوخۆ لە خودی مەولەوییە بووە. بۆیە کەشوهەوای شیعری گۆران بەتایبەتی بابەتی سروشتی زۆر نزیکە لە شیعری مەولەوییە. گۆران سێ جار باسی مەولەوی کردووە. لە شیعرێکدا وەکو مامۆستایەک تەماشای دەکات و دەڵێت:

ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان
یەک سوڵتانیان پێ ئەگەیان،
ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد
دانیشێ و بە ڕاوێژی ورد
ڕێگای پێگەیاندن دانێ،
.....
لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێت:

ئەوسا: «خانی»، خانیی سەردەم
بە زمانێک ئەنووسێ «مەم»
کە پێی ئەدوون «نالی» و «مەحوی»
وەک «قوبادی»، وەک «مەولەوی»! (گۆران، ١٩٨٠: ٣١٧)

دووەم/ گۆران پەیڤی (مەولەوی) کە نازناوی دەرەوەی شیعری شاعیرە، دەکات بە مەتەڵ بە ناوی (حەوت پیت شاعیری مەزن) و لەمیانیدا جاری دیکە وەسفی شاعیر دەکاتەوە:

مەتەڵی حەوت پیت شاعیری مەزن بولبولی کورد بوو بۆ شیرین خوێندن
ئاوازەی چەشنی هیی یەک، دوو، چوار بوو مەعنای ڕەنگینی ورد وەک یەک و دوو
یەک و دوو و چوار و پێنجیشی لەسەر پیشەی بوو لەسەر ڕووی دەریای هونەر
بە شیلەی جووڵەی چوار و حەوت و شەش بە کوردزمانان شەکری ئەدا بەش
بدۆزیتەوە کێیە مەتەڵم ئەڵێی هەر بژی یاری لەگەڵم (گۆران، ١٩٨٠: ٥٢٥)

سێیەم/ گۆران جارێکی دیکە لە مەتەڵێکی دیکەدا وەسفی مەولەوی دەکات. ناوی شوێنی لەدایکبوونی مەولەوییە واتە (تاوگۆزی) لە چوار دێردا دەکات بە مەتەڵ و تێیدا مەولەوی بە (پیری شیعری گۆرانی) وەسف دەکات. پیر بۆ خۆی ئاماژەیە بۆ مرۆڤی پێگەیشتووە و کامڵ. کەواتە مەولەوی لای گۆران ڕەمزی شاعیرێکی پێگەیشتووە:

شوێنەزای (پیری شیعری گۆرانی) لە حەوت پیت پێک دێ وشەی دوولانی (گۆران، ١٩٨٠: ٥٣٣)

٢-٢-٤-حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەلاح) (١٩٢٨-١٩٩٠): ئەگەرچی خۆی وەکو نووسەریش زیاتر بایەخی بە ئەدەبیاتی هاوچەرخ داوە و لەو بوارەشدا (کاروانی شیعری نوێی کوردی) نووسیوە. بەڵام شاعیرانی کلاسیکی کورد وەکوو سەرمایەی مەعنەوی و ڕەمزی نەتەوەی کورد تەماشا دەکات. بەبۆنەی چاپ و بڵاوبوونەوەی دیوانی مەولەوی کە وەک ڕووداوێکی ڕۆشنبیریی گەورە لێی دەڕوانێت، هەست خۆی لە شیعرێکدا دەردەبڕێت کە لە سەرەتاوە دەڵێت:

لە گیانی پاکی (مەولەوی) دانا ئەوەی هەڵبەستی ناسکی دانا

مژدە بێ ئەوا دیوانی شیعری دەرچوو، ئەگەڕێ بە ناو کوردانا
لە کۆتایی شیعرەشدا دەڵێت:
شیعری (مەولەوی) گوڵێکی وایە ئەگەشێتەوە هەتاهەتایە
لە ناخی دڵ و دەروونی کوردا بنجی داکوتا لە ڕیشە نایە (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٤: ٦١ و ٦٢)

دووەم ئاماژەی کاکەی فەلاح بۆ مەولەوی لە شیعرێکی ئازاددایە بەبۆنەی کارەساتی جینۆسایدکردنی شاری هەڵەبجەیە بە چەکی کیمیایی:

جاران نالی
بۆ «حەبیبە» و
بۆ خاک و خۆڵ شیعری ئەوت
یان (مەولەوی)
بۆ مەرگی «عەنبەر خاتوون»ی
بەخوڕ فرمێسکی شیعری ڕشت (کاکەی فەلاح، ٢٠٠٤: ١٧٦)

٢-٢-٥-کامەران موکری (١٩٢٩-١٩٨٦): موکری شاگردێکی گەورەی گۆرانی شاعیر بووە. ڕەنگە هەر لەو سۆنگەوە مەولەوی بە ڕەمزێکی گەورەی شیعری کوردی دەزانێت، ئەویش (باوک)ە:

مەولەوی) باوکی هۆنراوەی جوان بوو تاڤگەی زیوینی شیعری ڕەوان بوو (تەها، ٢٠١٢: ١٠٨)

٢-٢-٦-جەلال مەدحەت خۆشناو (١٩٣٤-١٩٩٨): ئەم شاعیرە وەکو خۆی لە پێشەکیی دیوانەکەیدا دەڵێت، زۆر هۆگری شیعری مەولەوی بووە و کاری لەسەر کردووە: ساڵی ١٩٦٢ کەوتمە پشکنینەوەی دیوانی مەولەوی. ماوەیەکی یەکجار زۆر خەریکی بووم و هەموو شیعرەکانی ئەو دیوانەم کردەوە بە شیعری سۆرانی. بەڵام بەداخەوە ئەو بەرهەمە فەوتا. ئەم ئەوین و هۆگرییەی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.لە شیعری (هەڵوێست و هەست)دا دروست ئاماژە بۆ ئەم کارەی دەکات:

لەناو هەڵبەستی (مەولەوی)
خورپەی بەهارم تێر چنی! (خۆشناو،١٩٧٥: ٢٠)

هەروەها لە شیعری (پیرۆزبایی)دا قونگ دەداتە پاڵ مەولەوی وەکو ڕەمزێک بۆ ئاشقبوون کە چواندوویەتی بە فەرهادی ئەویندارى شیرین. مەولەوی بە قوڵنگی پێنووس خاکی خەیاڵی شیعر هەڵدەکوڵێت و ئاواز و واتا وەکو ڕووبار هەڵدەکوڵێن:

دەبا شەپۆل...
هەتا ئەڕوا بەرەو لێژاییی سەختی دۆڵ
لەگەڵ قوڵنگی (مەولەوی)...
ئاوازی خوڕڕەمی ڕووبار بداتە کۆڵ (خۆشناو،١٩٧٥: ١٠٦)

٢-٢-٧-دڵشاد مەریوانی (١٩٤٧-١٩٨٩): مەریوانی لە شاعیرانی نوێخوازی کوردە. لە شیعرێکدا بە ناوی (ئەو حەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە) تەعبیرێک لە مەولەوی وەردەگرێت و دەڵێت:

من نێرگسیم، زۆریش حەزم لە نێرگسە
کەی وتوومە تۆ لەو دەچی
وەک«مەولەوی»
وتم نێرگس لە تۆ دەچێ! (مەریوانی، ٢٠٠٩: ٣٤١)

**٢-٣-ئاماژە و دەلالەت بە گشتی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا/**

شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣) وەك بەرزترین ئاستی خەیاڵی داهێنەرانە لە شیعری کوردیدا ناوی دێت. لە هەر دیمەنێك و ڕووداوی ژیان جوانترین وێنا و میتافۆڕ و شیعرییەتی خولقاندووە، لەگەڵ هەر ئەزموونێکی نوێی ئەم شاعیرە تووشی سەرسوڕمانی گەورە دەبین چوون ئەو شاعیرێکە هەمیشە فێری تێپەڕاندن و نوێبوونەوەی زمانمان دەکات. یەکێ لەو هونەرە بەرز و خەیاڵفراوانیەی شاعیر کە لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین "دەلالەت"ە. ئەم میتۆدە کە لە ئەدەبیاتدا بابەتێکی تازەگەرییە وەلێ لە سەرەتای شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسەوە بەدیاردەکەوێ، لێکۆڵینەوە لە هێما و ئایکۆنەکانی ناو شیعری

شێرکۆ بێکەس پێ دەنێتە ناو قۆناغ و شێوازێکی تازەی زمانەوە. بە پشکنین و گەڕانی زیاتر لە شیعرەکانیدا گەوهەری زیاتر و سەرسوڕهێنەرترمان دەستدەکەوێ.

وشە لای شێرکۆبێکەس ڕۆلێکی ئەکتیف دەبینێت لە بنیادی دەقی شیعریدا، مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ ئەو وشانەی بەمەستی "دەلالەت" بەکاردێن جوانی و هێز و کاریگەری زیاتری شیعرەکە دەردەخات. شێرکۆ لە پشت هەر دەلالەتێکەوە سەرچاوە لێگرتنێکی مێژوویی و فیکری و سیاسی و سۆسیۆلۆژی هەیە. دەپەڕێتەوە بۆ هونەر و ژن و داستان و خەبات و کەسایەتی و کەلتوور، دەربرینەکانی شاعیر تەژین لە واتا و مانای جودا جودا. شێرکۆ هەوڵدەدات بەربەست و تاپۆ کۆمەڵایەتییەکان بشکێنێت و تاکەکان لە دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا وریا بکاتەوە و هێز ببەخشێتە هەر تاکێکی خوێنەری کورد بەرانبەر هەر نادادییەك. (زمان و فەرهەنگی شیعری لای شێرکۆ زمانێکی هەواڵگری نییە بەڵکو زمانێکی بەرهەمهێنەرە کە توانای وردکردنەوەی ڕووداو و گێڕانەوەکانی هەیە.) (کەریم و مەستی، ٢٠١٧: ١٠١) (شێرکۆ توانیویەتی بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا کار بکات و وشەکان سەرلەنوێ لەناو دەقە شیعرییەکانیدا واتای جوانییان پێ ببەخشێتەوە و سەرلەنوێ ڕۆڵیان بەبەردا بکاتەوە. ئەم حاڵەتە بەگشتی سیمایەکی دیاری شیعرەکانییەتی، مەبەست لە ئاستی فەرهەنگی کۆمەڵێ کۆد و هێما و نیشانەی زمانەوانییە کە بونیادی دەقێك بە شێوەیەکی نوێ پێکدەهێنێت) (ڕەئوف،٢٠٠٩: ١٩٨) لە پێکهاتەی کۆد و ڕەمزەکان ئاڵوگۆڕکردن ڕوودەدات واتە لە وێنەی سەرەتاوە بۆ وێنەی کۆتایی دەڕوات ئەمەش گونجاندنە بۆ دروستکردنی واتایەکی نوێ. زمانی شیعری شێرکۆ بێکەس پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ مغامەرە و سەرکێشییەکانی ئیستاتیکا کە تێکستی دەلالەتدار بەرهەمدەهێنێت، (دەلالەت لەدایکبووی ناو پێکهاتەیەکی مەعریفییە کە هیچ کات دەلالەت لەیەك مانادا دەستبەسەر ناکات، بەڵکو بە بەردەوامی ماناکان دەخاتە ناو پرۆسەی زیادکردنی ڕۆڵەکانییەوە. ئەم ڕۆڵدانە بە هەموو خانە و برگەکانی زمانەوە خودی "زمانی تایبەت پێکدەهێنێت، چونکە لە ناوەرۆکی ئەو زمانە تایبەتەدا هەموو بەشەکان دەبنە بکەر و هەریەکەیان دەچنە بەرگی کارئەکتەرێکی سەرەکییەوە.) (ئەحمەد، ٢٠٠٢: ٣١) کەواتە زمانی شێرکۆ بێکەس لە هەر ڕوویەکی لێکۆڵینەوە بیگری لە جوڵەی خۆکردایە و لەبەردەم نوێبوونەوەدایە.

**٢-٤-کەسایەتی وەك مەدلوولی شیعری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا/**

شێرکۆ یەکێکە لە شاعیرانەی کە شیعرەکانی تەژین لە ڕەمز و ئاماژە و کۆد و هێما. بە خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکانی ناوی دەیان و سەدان کەسایەتی جیهانی و نەتەوەییمان بەرچاو دەکەوێ. هەر لە کەسایەتیی نێو ئایینە جیاوازەکان و ناوی پێغەمبەران و کەسایەتی سیاسی و مێژوویی و داستان و ئەفسانەکان یان کەسایەتی ناو حیکایەت و تەنانەت فیلمەکانیش لە شیعری شێرکۆدا بەدیار دەکەون. یان کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پیشەگەرە مەشهورەکانی ڕۆژانی ڕابردووی شار و گەڕەك لە شیعرەکانی شێرکۆدا زۆر دەبینرێ. بەشێکی گەورە و دیاری ئەو کەسایەتییانە شاعیرانن کە شێرکۆ لە زۆر شوێندا ناوی شاعیرانی کلاسیك و ڕێبازەکانی تریشی بردووە. ناوی شاعیرانی کلاسیك کەسایەتییەکی دیاری نێو شیعرەکانی شێرکۆن. لە توێژینەوەیەکی وەها بچوك و لە تەنها تەوەرێکدا ناتوانین تەواوی ئەو کەسایەتییانە هەڵهێنجین لە شیعرەکانی شێرکۆدا. بۆ سەلماندن و بەرچاو ڕوونی خوێنەران کۆمەڵێ نموونە کە مشتێکن لە خەروارێك لە دەریای بەرینی شیعری شێرکۆدا دەخەینە ڕوو. شێرکۆ بەدەر لە ناوی (مەولەوی) ناوی چەند شاعیرێکی تری کلاسیکی هێناوە کە هەریەکەیان هەڵگری چەند مەدلوولێکن. شێرکۆ شاعیرانی کلاسیك بە پاشخانی ئەدەبیاتی کوردی و فەرهەنگی کوردی دەزانێت. پێگە و گرنگی بەرزییان لە شیعری ئەودا هەیە. بۆ نموونە لەچەندین شیعردا ناوی (نالی) بردووە. لە دەقی واڵای "کورسی" ناوی نالی و چەندین شاعیری تر هاتووە. لەو شیعرەدا ئاماژەی بە بۆن و ڕەنگی سلێمانی کردووە کە ئەو بۆن و جوانی و شیرینییەی لە بۆنی نالییەوە وەرگرتووە. (بێکەس، ٢٠٠٥: ٧٤) هەروەها لە ڕۆمانە شیعری "خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ" ناوی زۆرێك لە شاعیران هاتوون، بە تایبەت نالی سێ جار ناوی هاتووە کە لە هەرجێیەکدا چەند دەلالەتێك دەگەیەنێ. ناوی نالی و حاجی کە پێکەوە هاتووە ئاماژەیە بۆ سەفەر و سەرهەڵگرتن و دوور کەوتنەوە. دەڵێت: بە تەنیا تۆ ئەڕۆی هەر خۆت و جانتایەك بەرەوخوار، کەچی تۆ چاوانت پڕن لە دێهاتی فرمێسك و لە نالی و لە حاجی و جانتاکەت پڕە لە دەربەندی زریکە. هەر لەناو هەمان دەقدا لەپاڵ ناوی مەولەوی، خانی، نالی، گۆران، شێخ نوری شێخ ساڵح دێنێ. دەڵێت: ئەمە مێزەری خانییە؟ یان کڵاوێکی قوتابی؟ ئەمە شیعرێکی نالییە پەڕیوتە ئەم گوزەرە؟ یان سەر و ڕیشی مەولەوی؟ ئەمە هەنار و لاولاوە؟ یاخود مەمکی حەبیبەیە و پرچەکانی عەنبەرخاتوون؟ یان دەفتەرێکی قوتابی؟ ئەی ئەمەیان هیوای چاوشینی گۆرانە؟ کەوتوتە بن ئەم بەردەوە؟ یان عەینەکەکەی شێخ نووری؟ (بێکەس، ١٩٩٨: ٢١٧، ٢٣٨، ٣٠٠) لەم شیعرەدا کەسایەتی شاعیرەکان هەریەکەیان دەلالەتی خۆی هەیە. مێزەر و کڵاو و سەروڕیش و عەینەك وناوی حەبیبە وعەنبەر خاتوون، ئەمانە هەریەکەیان تایبەتن بە شاعیرەی ناوی هاتووە. شێرکۆ لە (چراکانی سەر هەڵمووت) سێ جاری تر ناوی نالی بردووە، لە شیعری "قوڕەسووری زمان و گۆزەی شیعر" نالی وەك ئاماژە بۆ شانازی و پارێزەری زمانی کوردی ناوبردووە. لە شیعری

" ئەستێرەیەکی هەشت نهۆم" دا دەڵێت :من هیلالە نەحیفەکەی نالی بووم. شێرکۆ خۆی وەك وارسێکی نالی دەبینێ نالی لە دێرەدا کە دەڵێت :من زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم ختور؟ نالی لەم دێرە شیعرەدا خۆی بێتوانا دەبینێ. دیارە شێرکۆش لە شوێنەدا ئاماژەی بە بێتوانایی خۆی کردووە. یان وەك وارس و شوێن پێهەڵگری نالی کە ببێتە شاعیرێکی بەتوانای زمانی کوردی. لێرەدا بۆ دوو دەلالەت بەکاردێ هەم بێهێزی هەم شاعیربوون. لە شیعری" بەیانیتان باش، ڕاپەڕینتان باش "ناوی نالی وەك ئاماژە بۆ جێهێشتنی وڵات و سەرهەڵگرتن دەلالەتی داوەتێ. (بێکەس، ٢٠٠٩: ٧٧٧، ٧٥٢، ٧١٤). جگە لە ناوی نالی نموونەی تر لە شاعیرانی کلاسیك، لە "زێ و زنە"دا لە شیعرێکدا بە ناوی "مەحوی" کە دەلالەتی سۆفی داوەتێ چونکە مەحوی شاعیرێکی سەر بە ڕێچکەی سۆفیگەری بووە. (بێکەس، ٢٠٠٨: ٣٠٥) لە چەند شیعرا ناوی پیرەمێردی بردووە، لە" زێ و زنە" لە شیعری "چوار سلەیمانی نامە" کە دەلالەت لە پەندەکانی پیرەمێر دەکات. (بێکەس، ٢٠٠٨: ١١٣) لە دەقی والای "کورسی"دا ناوی پیرەمێردی وەك ئاماژە بۆ نەورۆز و گردی مامەیارە بردووە. (بێکەس، ٢٠٠٥: ٣٥) جگە لەم شاعیرانە ناوی "وەفایی، حەمدی، زێوەر، نەجمەدین مەلا، حەریق، بێخود و....تاد لە شیعرەکانیدا هاتوون.

**٢-٥-مەولەوی و دەلالەتەکانی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا/**

شێرکۆ بێکەس ئەگەرچی خۆی وارسی نالی و ئەزموونی درێژکراوەی قوتابخانەی بابانە، بەڵام بەو واتایە نییە، ئاگای لە شاعیرانی قوتابخانەی دیکەی شیعری کوردی نەبێت؛بەتایبەتی قوتابخانەی شیعری گۆران، کە یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی ئەم قوتابخانەیە سەیید عەبدوڕەحیمی مەولەوی تاگۆزییە. شێرکۆ زۆر سەرسامە بە توانای مەولەوی و وەکو سیمبوڵێکی گەورەی شیعری کوردی تەماشای کردووە. نزیک بە (٣٩) جار لە بەرهەمکانیدا ناوی هێناوە. ئەمە نیشانەی ئاگایی شێرکۆیە لە شیعری مەولەوی و پێگەی بەرزی مەولەوییە لەناو وێنای شێرکۆدا، هەروەها نیشانەی سەرسامیی شێرکۆشە بەو پێگە بەرزەی مەولەوی و شیرکۆ لە پێشەکیی کتێبی (چراکانی سەر هەڵەموت) بە ناونیشانی وتەیەک، دەڵێت: "لە ئەدەبی ئێمەدا، بۆ نموونە، شیعرە هەرە جوانەکانی«مەولەوی» «بۆنە» تایبەتی و پیرۆزەکان دروستیان کردوون. ئەوەی بەلای منیشەوە لە پلەی یەکەمدا دێت، چۆنیەتی دەربڕین و مەزنیی ئەو زمانەیە کە ئەبێتە باڵا ئاوێنەی بابەتەکە." کەواتە ئەم ڕوانینەی شێرکۆ بۆ مەولەوی، ئەوە چاوەڕوان دەکرێت لە شیعرەکانیشیدا ڕەنگ بداتەوە. بەڵام لە شیعردا ئیتر دەلالەتی جیاواز هەڵدەگرێت و ئەم هەوڵەش بۆ ئەوەیە کە دەلالەتەکانی مەولەوی بخوێنینەوە.

لە گەڕان بە دوای ناوی مەولەوی سوودمان لەم بەرهەمانەی شێرکۆبێکەس وەرگرتووە لە دیوانی یەکەمەوە بە ناوی "تریفەی هەڵبەست" ساڵی ١٩٦٨ تا دوا بەرهەم بە ناوی "نسێ" ساڵی ١٩٩٩، کۆی بەرهەمەکان (تریفەی هەڵبەست، ڕەنگاڵە، کەشکۆڵی پێشمەرگە، تەمتوومان، ئاوێنە بچکۆلەکان، دەربەندی پەپوولە، مێرگی زام و مێرگی هەتاو، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، چراکانی سەر هەڵەموت، نسێ) لە کۆی بەرهەمەکانی (٣٩)جار ناوی مەولەوی هاتووە، با بزانین دەلالەتەکانی ناوی مەولەوی لەو شیعرانەی بەردەستمانە چییە و بۆ چ ئاماژەیەك بەکارهاتووە؟

لە دیوانی "تریفەی هەڵبەست" لە شیعری"بۆ چاوە شینەکانی"شێرکۆ دەڵێت: (لەسەر جێی داخ/ بە بێ خەوی/ شەوگاری ئاخ/ وەك زۆر شەوی فریشتەی شیعری مەولەوی/ چاوانم پڕ لە ئەشکی خوڕ/ ئەڕژانە سەر پەڕەی دەفتەر) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی١، ٨٥) مەولەوی کە شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی تەسەوف بووە عیشقی ئیلاهی بە تەواوەتی ڕۆحی داگیرکردبوو، لەم شیعرەدا و نیشانەی مەولەوی هەڵگری چەندین دەلالەتە، (زۆرێك لە شیعرەکانی مەولەوی بە وشەی شەو یان ئیمشەو دەستییان پێکردووە، تەنانەت دیوانەکەیشی بە وشەی شەو دەست پێ دەکات) (غەریب، ٢٠١١: ١٥٠). لە سەرەتای دیوانەکەیدا دەفەرمووێت: (ئیمشەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونم/ دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم) (مەولەوی، ١٣٧٨: ٢). مەولەوی چونکە عاریفێکی عاشق بووە، (عاشق واتە یەکێك لە گەورەترین هێما و نیشانەکان و ئەوسافی "متقین" لە قورئاندا شەونوێژە. چونکە سیفەتی عاشقبوون بەدەست خۆی نییە، دەبێت شەونوێژ بکات.) (غەریب، ٢٠١١: ١٥٢). بۆ پاڕانەوە و لێخۆشبوون و سوپاسی پەروەدگار و نزاکردن بۆ نزیکبوونەوە و گەیشتن بە ویساڵی مەعشوق. لێرەدا شاعیر بەهۆی وشەی ئەوزاری (وەک)، زۆر شەوی خۆی چواندووە بەو شەوانەی فریشتەی شیعر مەولەوییان بەسەرکردووە. کەواتە مەولەوی لێرەدا دەلالەتە بۆ شەونخونی لە نووسینەوەی شیعردا. شێرکۆ جارێکی تر ئاماژەی بە خەم و مەینەتی مەولەوی داوە. (مەولەوی لە ئەهلی تەسەوفدا سەر قوتابخانەی میحنەتە. ئەم قوتابخانەیە هەمووی خەفەت خواردن و خەمی فیراقە.) (غەریب، ٢٠١١: ١٥٥) دەلالەتی گوازراوەی مەولەوی لەم شیعرەدا خەم و فیراق و شەونوێژ و نیشانەی شەو لە شیعرەکانی مەولەویدا. شاعیر لە شیعری "مامۆستام گۆران" لە وەسف و پیاهەڵدانی "گۆران"ی شاعیردا دەڵێت: (ئاوازی لێوی فریشتەی ژینە/ خواوەندی وەسفی جوان و شیرینە/ تریفەی هەستی مانگی نەورۆزە/ لوتکەی هونەری بەرز و پیرۆزە/

گیانی مەولەوی سەدەی ئێستایە/ پەنجەی نەخشاوی وردی هیوایە.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی١، ٩٩). دەلالەتی مەولەوی لەم شیعرەدا لەپاڵ وەسفی گۆراندا بۆ دوو مەدلوول بەکار هاتووە یەکەم هاو هونەری گۆران بووە لە جوانی و وەسفی سروشدا، چونکە گۆران و مەولەوی بە شاعیری وەسفی جوانی سروشت ناسراون، دەلالەتێکی تر ئەوەیە گیانی مەولەوی لە گیانی گۆراندایە کە هەردووك هاو کێش بوون لە نووسینی شیعر بە کێشی پەنجە وزمانێکی سادە و گۆران بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی سروشی لە مەولەوی وەرگرتووە کە گەڕانەوە بووە بۆ کێشی خۆماڵی دە بڕگەیی.

لە دیوانی "ڕەنگاڵە"دا لە شیعری" کۆست و چرا" شێرکۆ دەڵێت: (هەردەکانم خستە بن هەنگڵی ژانم، سەرکەوتم و درەختەکان لەبەردەمما گڕی عەشقیان لە خۆیان وچەم بەرئەدا/ ئاو بوو بە نوور و بە دیدەی مەولەوی یەکانما هەڵپژا.) (بێکەس،٢٠٠٩: بەرگی١، ٨٧) لێرەدا مەولەوی دەلالەتە بۆ لە دەستدانی بینایی دیدە. بە پێی ژیاننامەی مەولەوی لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا ڕۆشنایی چاوی لەدەستداوە. لە شیعری "چەپگەرد" شاعیر دەڵێت: (هەمووی گەڕام/ ناو ئۆرزدی، سەر شانۆکان/ شەقامەکان، کاوە، مەولەوی، تووی مەلیك.) ( بێکەس،٢٠٠٩: بەرگی١، ١١٥) لێرەدا مەولەوی ئاماژەیە بۆ ناوی شەقامێك لە شاری سلێمانی ئەم شەقامە مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەناوی مەولەوی شاعیر ناونراوە. کەواتە دەلالەت لە نوستالژیای شاعیر دەکات بۆ ڕابردوو لەو کۆڵانەدا بە ناوی مەولەوییە.

لە دەقی واڵای "داستانی هەڵۆی سوور"دا شاعیر دەڵێت: (کێرد قینێکی دەمێك ساڵە/ وا بەربووە/ ئەڕوا ئەڕوا و ڕائەماڵێ و/ ئێسك و پروسکی مەولەوی و داربەڕووەکان بەیەکەوە ڕائەماڵێ.) ( بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی١، ١٨٦) ئەم دەقەی شێرکۆ باس لە شۆڕش و گەڕانەوە بۆ شاخ و پەلاماری حزبی بەعس بۆ سەر کوردەکان دەکات، لێرەدا بۆچی ناوی مەولەوی لەگەڵ داربەڕوودا دێت؟ چونکە داربەڕوو سیمبولی خۆڕاگری و بەهێزی و لەناو نەچوونە، هەوەها یەکێکە لە ڕەمزی کوردبوون. مەولەوی لە دێرەدا دەلالەتە بۆ سیمبول و ناسینەوەی کورد و لەناونەچوون.

لە شیعری "کلیل" لە دیوانی" کەشکۆڵی پێشمەرگە"دا لە وەسفی دیوانەکەی خۆی لە دێڕێدا دەیشوبهێنێ بە جوانی و پاکی و سپێتی و بێگەردی ڕیشی مەولەوی. (ڕوونە وەکو چاوی قرژاڵ/ جوانە وەکوو ڕیشە سپییەکەی مەولەوی/ بێگەردیش وەك بەفری لوتکە و دڵی مناڵ.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٢، ٢١٣) ڕەنگی سپی نیشانەی پاکی و بێگەردییە، ڕیشی سپی نیشانەی تەمەن و ئەزموون و نوورانییە. لێرەدا ڕیشی مەولەوی بەدەر لە جوانییەکەی دەلالەتە لە پاکی و نووری تەمەن و ئەزموونی شاعیرانەی. شێرکۆ لە شیعری "تاڤگەی زیندانی" لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ مەرگەساتی هەڵەبجەی نووسیوە ئاماژە بە ناوی مەولەوی دەکات و دەڵێت :(ئاویان خنکاند/ پەنجەی شنەبایان قرتاند/ لەبەردەمتا گۆشاوگۆش شیعریان سەربڕی/ ڕیشی مەولەوییان سوتاند.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٢، ٥٠٤) ڕیشی مەولەوی ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتن لە تەمەن و ئەزموونی پیاوێکی ئایینی، شێرکۆ تووشی شۆک بووە لەو دەسەڵاتەی کە دەستییان نەپاراست لە لەناوبردنی خەڵکی بێتاوان تەنانەت سروشت و ئاو و ڕووبارەکانیشیان لەناوبرد. لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە: خودا ئەڵێت شەرم لە ڕیش سپیی باوەڕدار دەکەم کە سزای بدەم. بەڵام جەللادەکانی بەعس ئەم شەرمەی خودایان لە خۆیاندا شکاند و ڕیش سپییەکانیشیان لەناوبرد.

شێرکۆ لە شیعری دەقی واڵای "تەم توومان" بۆ شەهید "ئازاد هەورامی" هاوڕێی نووسیوە، دەقەکەی بە دێرێکی مەولەوی دەست پێدەکات (یاران بە رشییەن جە زێد وە زامەن/ گرد تەفرەقە بین چون بین خەیاڵ من.) (بێکەس،٢٠٠٩: بەرگی٢، ٥٢٤) دەلالەتە لە سیمبولی هەورامان، هەروەها گەورەیی و بەرزی شاعیر مەولەوی. لە هەمان دیوان لە شیعری "ژەهر" جارێکی تر شێرکۆ ئاماژە بە ڕیش و قژی مەولەوی دەکات: (سەرەتای هەتاو بوو، سەرەتای پێکەنین، بەیانی دەستی خۆی وەك دایکم/ دایە دەست برینم/ سەرەتای گزنگ بوو، سەرەتای پشکوتن/ کێوەکان لە قژ و لە ڕیشی مەولەوی/ تاجێکیان بۆ چنیم، کردمە سەر برینم.) (بێکەس،٢٠٠٩: بەرگی٢، ٥٥٤) لێرەدا مەولەوی ئاماژەیە بۆ شاعیرێتی، شاعیرێکی مەزن و بەئەزموون، شێرکۆ خۆی بە واریسی مەولەوی دەبینێت، تا شیعرەکانی ببێتە سارێژکەری برینەکانی. تاج سیمبولی دەساودەسکردنی پێگە و دەسەڵاتە، شێرکۆ ئاماژەی بە مەزنایەتی و گەورەیی شاعیرێتی مەولەوی داوە کە شوێن پێ هەڵگرەوەی ئەو بێت. لەناو هەمان دەقدا لە دێرێکی تردا دەڵێت: (ئەلەرزم..ئەلەرزم..ئەلەرزم/ ناوێرم بروانمە ئەو نوورە شەهیدەی/ کەلەسەر تەوێڵی مەولەوی کەوتووە و/ دووچاوی کۆچکێکی بێ وادەم تێ ئەبڕێ) (بێکەس،٢٠٠٩: بەرگی٢، ٥٥٥) لێرەدا مەولەوی دەلالەتە بۆ بێباوکی شێرکۆ بێکەس، مەولەویش وەك شێرکۆ بێکەس لە تەمەنێکی زۆر منداڵیدا باوکی لەدەستداوە ئەرکێکی قورسی کەوتۆتە سەر شان، و دەلالەتێکی تری مەولەوی لێرەدا نوورانی تەوێڵیەتی کە ئاماژەیە بۆ پاکی و ئیمانداری مەولەوی، تەوێڵ ئەندامێکی لەشە، بۆتە نیشانە بۆ سوجدە و نوێژ و خوداپەرستی بۆیە ناوی تەوێڵی مەولەوی دەبات. لە شیعری "ژەهر" کە تەواوی تێکستەکە باس لە کیمیابارانی هەڵەبجەیە: (بەر لەوەی کە/ کفندزانی مەولەوی/ منارە کورتە باڵاکان/ زۆڵە گوڵە/ بە مردوویی بازنی دەست و موستیلەی عەنبەرخاتوون دابکەنن.) (بێکەس،٢٠٠٩: بەرگی٢،

٥٦٠) باس لە بێڕەحمی و دڕندەیی ئەو ڕژێمە دەکات کە ژەهری کیمیایی ڕشتووە. لێرەدا شێرکۆ ئاماژە بە ناوی مەولەوی دەدات لە پاڵ ناوی عەنبەرخاتون، کیمیابارانی هەڵەبجە لەناوبردنی مرۆڤ و گیاندار و باڵندە و دار و درەخت و کانی و ئاو بوو. شێرکۆ بە جۆرێك ناوی مەولەوی دەبات کە هێندە گەورە و مەزن و موقەدەسە نەدەبوو ژەهر بەر کفنەکەیشی بکەوێ. دڵی لای مەولەوی و عەنبەرخاتوونی خێزانی مەولەوییە لە گۆڕدا ژەهرییان بەرکەوتووە و زیان بەر گۆڕەکەیان کەوتووە. مەولەوی وێرای ئەوینە ئیلاهییەکەی، بەهۆی شیوەننامەکەی بۆ عەنبەرخاتوونی خێزانی، بووەتە سیمبوڵی عەشقی مەجازیش. لێرەدا مەولەوی دەلالەتە لە ئەویندار هاوشێوەی مەجنوون و فەرهاد بووەتە سیمبوڵ.

لە دیوانی " ئاوێنە بچکۆلەکان" لە شیعری "کۆتەڵ" کە ئاماژەیە بۆ پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە، شاعیر دەڵێت: (ئاخر خۆ من کوردستانم/ لە یەك تروکەی چاوا بووە/ پێنج هەزار کانی لێ کوژرا/ پێنج هەزار ڕەزی لێ خنکا/ پێنج هەزار شیعری لێ کوژرا/ پێنج، پێنج، پێنج، پێنج/ وا شەش مانگە لە پرسەدایە مەولەویم.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٢، ٦٧٦) لێرەدا مەولەوی ئاماژەیە بۆ شارەزوور و هەڵەبجە و کورد. دیارە ماوەی شەش مانگە مەرگەساتی کیمیاباران ڕوویداوە، شەش مانگە مەولەوی لە پرسەدایە. مەولەوی دەلالەتە بۆ هەموو ناوچەی شارەزوور و ناوچەی مەرگەسات و وە ئاماژەیە بۆ بوونی هەموو کوردزوبانێك لەناو هەمان دیوان و لە شیعری "یەکەم دەنگ و دوادەنگ" ئەم دەقەش ئاماژەیە بۆ ساتی پێش کیمیابارانی هەڵەبجە و ساتی ڕووداوەکە. (دەقیقەیەك، نیو دەقیقە، چەند چرکەیەك/ بەر لە یانزە/ ئاسمان وەك گیانی مەولەوی ساف و ڕوون بوو.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٢، ٧١١) دەلالەتی مەولەوی لێرەدا هێندە قوڵە، ئاسمانی شوبهاندووە بە گیانی مەولەوی، گیانی مەولەوی هێندە بەرزە لە پاکێتی و جوانی و ڕووناکی و سافیدا ئاسمان لە ئەو دەچێ، ئەمە دەلالەتە لە بێ خەوشی و پاکی و نوورانی و بەرزێتی.

لە دەقی واڵای "دەربەندی پەپوولە"دا کە دیسانەوە تایبەتە بە مەرگەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، شێرکۆ دەڵێت: (تاقیکم بۆ لێدەن/ بەخشتی ئازاری چوارگۆشەی/ ئەو هەموو پرسانەی دایئەنێن/ تاقێ بێ لە شێوەی مێزەری مەولەوی/ تۆزێ قوچ.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٣، ٥١٣) لێرەدا ئاماژەی بە مێزەرەکەی مەولەوی کردووە لە جوانی و قوچی و بەرزیدا، تاقی کێلەکەی لەو مێزەرە بچێت. ئەمە دەلالەتە بۆ بەگرنگ سەیرکردنی مەولەوی تەنانەت ئەو شتانەش کە پەیوەندییان بە مەولەوییەوە هەیە. شێوەی قوچەکی و گونبەدی لە هونەری تەلاسازیی ئایینیدا ڕەمزی سەرمەدین. لە هەمان دەقدا دەڵێت: (لەم سەری زامەوە هەتاکوو ئەوسەری/ لەم پەڕی کۆستەوە هەتاکوو ئەوپەڕی/ تۆ فریا نەکەوتی ئاوەکە بەیتە دەس مەولەوی.) (بروسکەیەك..پەلە نییە..شیعریش نییە / بەناوی هەڵەبجە و پێنج هەزار مانگەوە/ بەناوی مەولەوی و پێنج هەزار گوڵەوە.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٣، ٥٤٦ و ٥٤٧) لەم دوو پارچە شیعرەدا مەولەوی دەلالەتە بۆ شارێك، ئاماژەیە بۆ شارێکی کۆستکەوتوو کە هەڵەبجەیە و بە چەکی کیمیایی شەهید کراوە. لێرەوە شاعیر سیفەتی شەهیدبوون بە مەولەویش دەبەخشێت کە ڕەمزی نەمرییە کەواتە مەولەوی خۆی کە بە شیعر نەمرە، جارێکی دیکە بە شەهیدبوونی نەمر دەبێت. لەناو هەمان دەقدا: (لە ئێستە بەدواوە من ئیتر هەڵەبجەم/ لە ئێستە بەدواوە من دەنکە فرمێسکی هەناری/ ئەو خەمە گەورەیەم/ لە ئێستە بەدواوە من باری ئەو سێوەم/ کە ئیتر بارناکرێ بۆ ئەوێ/ لە ئێستە بەدواوە من تاڵێ لە ڕیشی هۆرەکەی مەولەویم/ لە ئێستە بەدواوە ئەو شەمی شەمانی/ وڵاتمە و من وەلیم.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٣، ٥٦٠) شێرکۆ چیتر خۆی دەخاتە شوێنی هەڵەبجە و دەیەوێ ئەو ئازار و مەینەتییە خۆی هەڵبیگرێ، لێرەدا مەولەوی دەلالەت لە هۆرەی ئەو ناوچەیە دەکات کە بریتییە لە جۆرە دەنگ و سەدایەك لە بۆنەی خۆشدا بۆ خۆشی دەربڕین و لە ناخۆشیدا بۆ لاوانەوە دەوترێت. دەلالەتی مەولەوی لێرەدا لاوانەوە و دەنگ و سەدای شیوەنکردنە بۆ هەڵەبجە. لە بەشی کۆتایی هەمان دەق جارێکی تر ناوی مەولەوی دەبات و دەڵێت: (بەهارێ ئەچمەوە کە سیروان وەکو من/ ئارامی هەڵئەستێ مەوسیمێ کە خونچە/ وەك پەنجەم قەسیدەی پشکووتن/ بۆ لێوی حەبیبە و شارەزوور ئەنووسێ/ ئەو دەمەی هەڵەبجەی کەژاوە/ بە سواری ئەسپەکەی مەولەوی/ سەوزتر دێتەوە ناومان.) (بێکەس،٢٠٠٩ : بەرگی٣، ٦٢٣) دیسانەوە مەولەوی دەلالەتە لە بوون و نەبوون و جوانی و کوژرانی هەڵەبجە. بوونی هەڵەبجە بوونی مەولەوییە و بوونی مەولەویش بوونی هەڵەبجەیە. کە هەڵەبجە سەوز بووەوە و وەکوو جاران گەڕایەوە سروشتی خۆی ڕوحی مەولەویش سەوز دەبێتەوە و بە سواری ئەسپەکەی دەگەڕێتەوە. هەڵەبجە دڵخۆش بێ مەولەویش دڵخۆشە، ئەمە دەلالەتە بۆ عیشقی نێوان مرۆڤ و شارەکەی. شاعیر مەولەوی دەکاتە سیبووڵی شارێک و شارەکەی پێ دەناسێنێت.

لە شیعری "ماڵ" لە دیوانی "مێرگی زام و مێرگی هەتاو"دا دەڵێت: (با ئەم قەڵەم و کاغەزە/ هەر لەسەر ئەم مێزە بن و لایان مەبەن/ ئەمە دنیایە و نەبادا لێرە نەبووم/ لەناکاودا، خەیاڵێکی ئاونگاوی/ مەولەوی بێتە ژوورەوە.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٤، ١١٢) جگە لە ئاماژەی شاعیرێتی بۆ مەولەوی دەلالەتە بۆ خەیاڵە جوان و تەڕ و ناسکەکانی، واتە داهێنان.

لە دەقی والآی "خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ"دا دەڵێت: ( وەختێ ئەچوویتە ناوێوە ئەبووی بە کانی عاشقان و/ گوڵ هەنارێکی شنروێ/ دەستی ئەو دەستی زەڵم بوو/ وەختێ ئەیهێنا بە سەرتا/ لە کوێستانی سەر و ڕیشی مەولەویدا ئەڕوایتەوە و هەڵئەتۆقیت.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٣٥) لێرەدا مەولەوی دەلالەتە بۆ ئاوی زەڵم و گەڕەکی کانی عاشقانی هەڵەبجە، هەرچەندە سەر و ڕیشی مەولەوی بەڕەنگ سپی و کوێستانییە کە ڕەمزە بۆ بەفر بەڵام دەلالەتە بۆ ئاوی زەڵم و سەوزایی و ڕوانەوە. لە شوێنێ تر لە هەمان دەقدا: (هەڵەبجە ڕیشی تەمگرتووی مەولەوی بوو/ پاوانەی پێی هەورامان و پاڵتۆی بۆرەقنەی/ مێژووی شارەزوور بوو) (بێکەس، ١٩٩٨: ٤٠) لێرەدا مەولەوی ئاماژەیە بۆ مێژووی دێرینی هەڵەبجە، ڕیشی مەولەوی ئاماژەیە بۆ زۆری تەمەن. بەدەر لەم ئاماژانە شێرکۆ بێکەس ئەو وێنە ڕیش سپییەی مەولەوی لە زیهنیدا جێگیر بووە کە بەدیع باباجان کێشاویەتی و بۆ یەکەمجار لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە ساڵی ١٩٥٢دا بڵاوکرایەوە. لەزۆر شوێندا لەگەڵ ناوی مەولەوی باسی سەر و ڕیشی دەکات، چونکە تەنها ئەو وێنەیە لەبەردەستە تا شێوە و ڕوخساری مەولەوی تیا ببینین. لە شوێنێ تر دەڵێت: ( جاربەجارێ لەگەڵ هاتنی باپووسکەی مەولەویدا/ دەنکە تەرزەی بەر پەنجەرە پێی ئەوتی/ من تووشی عەشقی درەختی ئەم زامانە و لەشولاری ڕووتوقووتی/ مانگەشەوی ناو دەریاچە و/ من گیرۆدەی تەمتوومانی/ بن بناری شیعرم کردی.) ( بێکەس، ١٩٩٨: ٨٥) مەلەوی لێرەدا ئاماژەیە بۆ شاعیری سروشت و ئازار و دەرد وخەم، هەروەها دەلالەتە بۆ مامۆستایەتی کە شیعر نووسین مەولەوی فێری کردووە و وەکو میرات لە ئەوەوە بۆی ماوەتەوە. لێرەدا دەڵێت: (من کە تار لێ ئەدەم/ وڵاتێك لێ ئەدەم/ من سەری مەولەوی و کوێستانی"عەنبەر" و/ هەناوی وەلی و شەم لێ ئەدەم. هەورامان لێ ئەدەم.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٩٠) لە سەرەتای ئەم تێکستەوە باس لە ژەنینی ئازار و مەراق و ئەندێشە دەکات. لێرەدا سەری مەولەوی ئاماژەیە یۆ ئەندێشە و مەراق، مەولەوی شاعیرێکی خەفەتبار و ژینێکی چەرمەسەری هەبوو، زۆر حەزی بە مەقاماتی خەماوی و لاوانەوە کردووە، (بە جۆرێك دەیویست گوێ لەو لاوانەوەیە بگرێ کە لەسەرەمەرگیدا دەکرێ. بەڵام لە هەمانکاتدا پێیوایە ئەو مەقامە خەماوییە بێداری دەکاتەوە و بەئاگای دەهێنێتەوە لە یەقینی مردن) (قەرەداخی، ٢٠٠٦: ١٤١) هەروەها لە سەرچاوەکاندا ئەوە باسکراوە کە مەولەوی لەدوای کۆچی عەنبەر خاتوونی خێزانی ڕۆژانێکی سەختی تێپەڕاندووە. چەند کارەساتێکی بەسەردا هاتووە و بووەتە هۆی ئازار و مەراقیکی زۆر و بە گریان و فوغانی ئەو خەمانەوە سەری ناوەتەوە. مەولەوی ئەوەندە خەم و خەفەتی خواردووە تا لە ساتێکدا بەهۆش خۆی دێتەوە و لە دێڕێکدا بە خۆی دەڵێت: (عیرفانەکەت کوا؟ فامت کوانێ؟ خۆ جیلوەی پەروەردگار کۆتایی نایە) (غەریب، ٢٠١١: ٦٨) مەولەوی وا بیردەکاتەوە هەموو شتە جوانەکانی لەدەستداوە، بەڵام پەروەدگاری ماوە. ئەو جیلوەبەخشە بۆ ڕۆحی خەماوی. دەلالەتی مەولەوی لەو تێکستەی سەرەوەدا بریتی بوو لە ئەندێشە و مەراق و بە پلە یەک خەم. شێرکۆ لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (هەتاکو یەکەمجار بگەینە/ تەلاری چەناگەی مەولەوی و/ بۆ یادی کۆچنامەی نووسەران/ بۆ یادی ڕۆژێکی لێوان لێو لە ئەوین/ بگەینە هێلانەی ئەو نوورە و/ بە دەنووك لە گەڵا و لە پووشووی زیوینی/ ناو ڕیشی هەڵگرین.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٢١٣) مەولەوی لێرەدا دەلالەتە بۆ نوورانی، چوون ئەو لە پلەی ڕەند و خواناسیدا بووە بە هەستێکی پاك و نیازێکی بێگەردەوە ویستی خۆی بگەیەنێتە خودا و چۆتە جیهانی مەلەکووت تا ئارام بگرێ. لێرەدا مەولەوی دوو نووری هەیە نووری ئیمان و نووری شیعر، لە تێکستەکەدا هەردوو دەلالەت دەدات. لە پارچەیەکی تری هەمان دەقدا، شێرکۆ دەڵێت: (ئەمە مێزەری خانییە؟/ یان کڵاوێکی قوتابی؟/ ئەمە شیعرێکی نالییە؟/ پەڕیوەتە ئەم گوزەرە؟/ یان سەر و ڕیشی مەولەی؟/ ئەمە هەنار و لاولاوە؟/ یاخود مەمکی حەبیبەیە و پرچەکانی عەنبەرخاتوون.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٢١٧) هەریەك لەم شتانەی ناویان هاتووە لەپاڵ ناوی کەسەکان ڕەمزێکن تایبەتن بەو کەسە. ڕیشی مەولەوی بووەتە ڕەمزێك بۆ ناساندن و شێوە و ڕوخساری مەولەوی، هەروا ئاماژەیە بۆ هەڵکشانی تەمەن و پیری. لە دێڕێکی تردا شێرکۆ دەڵێت: (لێرەوە گوێت لێیە؟ سەر لەنوێ کە نالی/ هۆرەی دێ و لێرەوە گوێت لێیە؟/ چی ئەڵێت: مزگێنی کاوانی مەولەوی.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٢٥٣) ئەم تێکستە ئاماژەیە بۆ زایینەوە و لەدایکبوونەوەی دووبارە، کاوانی هۆزێکن لە کوردستان و ناوچەی شارەزوور. ناوچەکەیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە وێرانکراوە. لێرەدا مەولەوی ئاماژەیە بۆ ئەو هۆزە. لە دێڕێکی تر لە هەمان دەقدا شاعیر دەڵێت: (هەر ساتێك و لە شوێنێکی/ ئەوە فرمێسکە کۆچەری لە بەفرەوە بۆ لای گڕە و/ لە گڕەوە بۆ لای بەفری نێوان مەراقی مەولەوی و کۆستی نالی وای لێ کردی.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٣٠٠) جارێکی تر ئاماژە بە مەراقی مەولەوی دراوە، وەك لە پێشەوە باسمان کرد مەولەوی پیاوێکی خەمبار و خەفەتباربووە. کۆچی دوایی عەنبەر خاتوون و سووتانی کتێبخانەکەی بوونە خەم و مەراقێکی گەورە لای مەولەوی؛ تا بەو مەراقەوە سەری نایەوە. لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (ئەنفالی سیروانی جەستەمە بەرەو خوار/ بە خوێن و لیتەوە بە قژ و گژوگیا و/ بە ڕیشی مەولەوی و بە باڵی قرتاوی/ شیعرم و بە هۆرەی قوڕاوی و/ بە وەلی مەقامی کوژراو و/ بە شەمی خنکاوی بەستەوە.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٣١٠) ڕیشی مەولەوی پیرۆزییەکی تایبەتی لای شێرکۆبێکەس هەیە، هەم ڕەمزی ناسینی مەولەوییە هەم ڕەمزی تەمەن و ئەزموونە، هەم نیشانەی پیاوێکی عاریفی پاکە. لێرەدا دەلالەت لە ڕێزنەگرتنە لە ڕیشی مەولەوی. چونکە ئەنفال ڕێزی خودایشی نەگرت نەك مرۆڤەکان گەورە و بچوکی

پێکەوە لەناوبرد. لە شوێنێ تردا شاعیر دەڵێت: (بارانە و .. ئێوارە و.. تەنیاییت ئەبارێ/ چون هەوری ناو ڕیشی مەولەوی ئەبارێ.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٣٢٦) لێرەدا مەولەوی ئاماژەیە بۆ تەنهایی و هەروا بۆ گریان، ئەم دوو ئاماژەیە لە ژیانی واقیعی مەولەویدا هەبوون و ژیانی سەختتر کردووە. لە پارچەیەکی تری هەمان دەقدا: (مارت هەر مانگی بەهارێکی گەمژە نییە/ مانگی زاوزێی شعریشە/ مانگی هەڵپەرکێی بەردیشە/ مانگی سەیرانی خەمیشە/ مارت هەر مانگی مەرگەوەڕ و مەرگ نییە/ مانگی گەڕانەوەی هەموو شەهیدانە بۆ ماڵەوە/ مانگی هاتنەوەی مەولەوی بۆ هەڵەبجە/ مانگی هاتنەوەی نالیشە بۆ خاکوخۆڵ.) (بێکەس، ١٩٩٨: ٣٣٣) لێرەدا مەولەوی دەلالەتە بۆ ناسنامەی هەڵەبجە. هەڵەبجە یانی مەولەوی، مەولەوی یانی هەڵەبجە.

لە دیوانی "چراکانی سەر هەڵەمووت" لە شیعری "قوڕە سووری زمان و گۆزەی شیعر"دا کە بۆ ڕوحی کۆچکردووی شاعیر حەسیب قەرەداخی نووسیویەتی. دەڵێت: (یان لەوبەر سیروانەوە بۆ شەوێك/ لای حەزرەتی مەولەوی ماوەتەوە/ ئێوە ناچن من خۆم ئەچم و/ لە زەڵم ئەپرسم.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٤، ٧٢٢) لێرەدا مەولەوی دەلالەتە بۆ گەورەیی و مەزنایەتی شاعیرێتی. یان سەرگەورەی شاعیران. لەناو هەمان دیوان لە شیعری "ئەو پیاوەی بوو بە تاڤگەیەکی تری زەڵم"دا کە بۆ ڕوحی نووسەر و ڕووناکبیری عیراقی "هادی العلوی" نووسیویەتی ئەو پیاوەی لە دوای کیمیابارانی هەڵەبجە دەستی لە ناسنامەی خۆی هەڵگرت و لە شیعرێکدا داوای گەردن ئازادی لە منداڵانی هەڵەبجە کردووە. شێرکۆ لەم شیعرە تایبەتەدا ناوی مەولەوی دەهێنێت و دەڵێت: (گەورەکانمان قاسپەقاسپی بەهاری خۆیانت پێشکەش ئەکەن و/ مەولەوی لە پەپوولەکانی ناو ڕیشی خۆیت بۆ ئەکا بە دیاری.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٤، ٧٤٧) هەر تاڵێك لە ڕیشی مەولەوی لای شێرکۆ بێکەس جوانترین و بە بەهاترین شتێکە کە شایانی دیارییە بۆ باشترین مرۆڤی کورد دەویست. دەلالەتە لە نرخ و بەهای ڕیشە سپییەکەی مەولەوی. لە شیعری "بەیانیتان باش، ڕاپەڕینتان باش" تایبەتە بە دەمی ڕاپەڕین و شێرەکانی دەڤەری ڕانیە. شێرکۆ لە دێڕێکدا دەڵێت: (وێرانەیان چۆڵ نەکردبوو/ ئومێدیان چۆڵ نەکردبوو/ دڵی سروشت و دڵی دایکان و/ دڵی شارانیان چۆڵ نەکردبوو/ قوربانییەکانیان جێنەهێشتبوو/ نالی و مەولەوییان جێنەهێشتبوو/ مابوونەوە و لە کونە چاوی مەترسیدا ئەژیان.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٤، ٧٧٧) مەولەوی لێرەدا ڕەمزە بۆ کوردبوون و زمانی کوردی، لە هەموو بارودۆخێکدا لەبیرناکرێت و لەبیر ناچێتەوە و پشت گوێ ناخرێ. لە شیعری "گەرمییان و داڕژانی ڕۆح"دا کە تایبەتە بە ناوچەی گەرمیان و مەرگەساتی ئەنفال، شێرکۆ دەڵێت: (لێرەوە دۆزەخ کەوتە ڕێ و/ لێرەدا ژیان لە خاچدرا و/ لێرەوە خوێن لە وشە چۆڕایەوە و/ لێرەوە پەپوولە قرمزییەکان لە ڕیشی پڕ لە هەتاوی/ مەولەوی تاوەگۆزی و لە هەنیەی کوژراوی خۆرنشین ئاسای/ عەنبەر خاتوون ئاڵان.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٤، ٧٨٩) دیسانەوە ڕیشی مەولەوی هاتووە کە ئاماژەیە بۆ دنیابینی و نوور و ڕووناکی بەخشی ئەو پیاوە، ئەو نوور و ڕووناکییە لایەنی عیرفانی و لایەنی شاعیرێتی دەگرێتەوە.

لە دیوانی "نسێ" لە شیعری "ژیلا"دا کە لاوانەوەیە بۆ ڕۆحی ژیلا حوسێنی شاعیر. شێرکۆ دەڵێت: (ڕەنگە بووبێ بە تروسکەی ئاگری شوانی دوورە چیا/ لەوانەیە بووبێ بە پەپوولەی نووری/ لەناو ڕیشی مەولەویدا و/ لەوانەیشە، بووبێ بە قەقنەسێکی گڕگرتوو/ لەناو غوربەتی نالیدا.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٥، ٤٤) لێرەشدا ڕیشی مەولەوی ئاماژەیە بۆ نوور وڕووناکی شاعیرێتی. لە شیعرێکی تر بە ناوی "پیاسەیەك بەناو خوێنی خۆمدا" بریتییە لە گەڕان و یادەوەری ناو شاری هەولێر، دەڵێت: (لەنێوانی گوڵە توپ و سەری مندا بێلایەنن/ لە نێوانی مەرگی قەڵا و زرێپۆش و جەنگیزخان و عەرەبانەکەی مەغدید و/ ئەبوتەبرە و مەولەویدا بێلایەنن.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٥، ٥٢) لەم دێڕەدا چەند ناوێك لەپاڵ یەکدا هاتوون هەریەکەیان هەڵگری ئاماژەیەکن بۆ ناسراوی و ناسینەوە، لەو نێوەندەدا مەولەویش ڕەمزی کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە. لە شیعرێکی تری هەمان دیوان بە ناوی "هەڵقرچان" لە دێڕێکدا دەڵێت: (بایەك ئەڵێم: کۆنسێرتی نامۆیی من بێ/ بایەك شەقامی مەولەوی/ بکا بە شمشاڵی لالێو.) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٥، ٥٧) مەولەوی ئاماژەیە بۆ شەقامی مەولەوی کە شارێیەکی دێرین و بەناوبانگە لە شاری سلێمانی. لە شیعر "چوار پۆرترێتی شیعری" کە پۆرترێتێکیان تایبەتە بە مەولەوی دەڵێت: (دڵۆپە نووری تەوێڵی هەورامان و/ داڕژانی مرواری ناو زمانەکەم/ وەختێك برووسکەی خەیاڵ و/ هەوری وێنە لەیەك ئەدەن/ لە خەڵوەتێکی نەقشیدا/ ئاوێتەبوون لەگەڵ خوادا و/ لەم لایشەوە لەدایکبوونەوەی سروشتی تر/ ڕیشێ قۆزاخە بۆ کرمی ئاوریشمین و/ سەرێ گوڵدان بۆ چنوور و فرمێسکە زیوینی چاویش/ بۆ کۆچەکەی عەنبەرخاتوون) (بێکەس، ٢٠٠٩: بەرگی٥، ٨٠)

لەم پۆرترێتەدا کە تایبەتە بە مەولەوی هەڵگری کۆمەڵێ دەلالەتە وەکو: هەورامان، بەها و بەقیمەتی و بەرزی زمان، خەیاڵی تەڕ وناسك، وێنەی شیعری، عیرفانی و تەسەوف، جوانی سروشت، جوانی و پاکی و ئەزموون و دنیادیدەیی مەولەوی.

**ئەنجام/**

١- مەولەوی و شێرکۆ بێکەس دوو شاعیری دوو ڕەوت و سەردەم و شێوازی جیاوازن، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزی شیعری بەیەکەوەی بەستوون.

٢- مەولەوی پێگەیەکی بەرزی تایبەتی هەیە لای شێرکۆ بێکەس بە هۆی ئەو دەلالەتە زۆرەی لە شیعرەکانیدا پێیداوە.

٣- لە یەکەم بەرهەمی شێرکۆ بێکەس بە ناوی "تریفەی هەڵبەست" ساڵی ١٩٦٨ تا دیوانی "نسێ" ساڵی ١٩٩٩، ٣٩ جار ناوی مەولەوی هاتووە.

٤-کەسایەتی مەولەوی و خاسیەتەکانی خۆی و شیعرەکانی بە تەواوی لە شیعرەکانی شێرکۆدا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە دەلالەت لەناو دەقەکاندا.

٥- مەولەوی هەڵگری ئەم دەلالەتانەیە لە دەقەکانی شێرکۆ بێکەسدا (کوردبوون، شاعیربوون، عاشقبوون، پیاوی دینی و عیرفانی، پاك و نوورانی، بێ خەوشی، تەمەن و ئەزموون، بەرزی و بەتوانایی شاعیرێتی، زیرەکی، ئەندێشە و مەراق، هەورامان و هەڵەبجە و شارەزوور، زمانی کوردی، خەیاڵی تەڕ و ناسك، شەو، بێ باوکی، تەنهایی، سروشت، مامۆستا، هۆرە و لاوانەوە، شەقامی مەولەوی،...... تاد)

**سەرچاوەکان/**

**سەرچاوە کوردییەکان**

-ئەحمەد، محەمەد نوری. (٢٠٠٢). ئەلف /تێکست /ڕەخنە. سلێمانی: داناز.

-بێرتێنز، هانز. (٢٠١٥). بنەماکانی تیۆری ئەدەبی. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقوبی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

-بێکەس، شێرکۆ. (١٩٩٨). خاچ و ڕۆژژمێری شاعیرێ. چاپی دووەم. سلێمانی: خاك

-بێکەس، شێرکۆ. (١٩٩٩). چراکانی سەر هەڵەموت. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

-بێکەس، شێرکۆ. (٢٠٠٥). کورسی. سنە: بڵاوکراوەی نیشتمان.

-بێکەس، شێرکۆ. (٢٠٠٨). زێ و زنە. سلێمانی: ڕەنج.

-بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩). کۆبەرهەمی دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی١، ٢، ٣، ٤ و ٥. سوید.

-پیرەمێرد. (١٩٨٧). دیوانی ڕۆحی مەولاما خالد. ئامادەکردنی: مەحموود ئەحمەد محەمەد. بغداد: مطبعە الزمان.

-پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (٢٠٠٧) دیوانی پیرەمێردی نەمر. کۆکردنەوە و پەراوێزنوسینی: محمد رسول (هاوار) سلێمانی: زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان (٢٥).

-تەها، حەمەی ئەحمەد. (٢٠١٢). دیوانی کامەران موکری. چاپی٢. سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. زنجیرە (٢٩٦).

-حەمەد، پەخشان سابیر. (٢٠١٢). ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان (١٩٧٠-١٩٩١). هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

-ڕەئوف، لوقمان. (٢٠٠٩). بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

-عەلی، لوقمان ڕەئوف. (٢٠١٣). دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمۆلۆژییەوە (١٩٥٠-١٩٧٥). نامەی دکتۆرا. سلێمانی.

-غەریب، تەحسین حەمە. (٢٠١١). خوێندنەوەی شیعریی دڵ و چاو/ دڵی مەولەوی و چاوی نالی. چاپی٢. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیر.

-قانع، محەمەد. (١٣٩٣). دیوانی قانع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان. چاپی٨. کۆکردنەوەی: بورهان قانع. تهران: پەخشانگای پانیز.

-قەرەداخی، عەتا. (٢٠٠٦). گەڕان بە دوای ماناکانی شیعردا. سلێمانی: حەمدی.

-کاکەی فەلاح، حەمەی حەمەئەمین قادر. (٢٠٠٤). دیوانی کاکەی فەلاح. ئامادەکردنی: بنەماڵەی شاعیر.

-کەریم، زاهیر و نیان نەوشیروان مەستی. (٢٠١٧). فرەخوێندنەوەیی لە دەقی "ئێستا کچێك نیشتمانە"ی شێرکۆ بێکەس. سلێمانی: نوسینگەی لاهور شێخ جەنگی.

-گۆران، عەبدوڵا. (١٩٨٠). سەرجەمی بەرهەمەکانی گۆران، بەرگی یەکەم. دیوانی گۆران. ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێز: محمد مەلا کریم. لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد. بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

-مەریوانی، دڵشاد. (٢٠٠٩). کوبەرهەم-شیعر. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. بڵاوکراوەی (٨٨٤).

-مەنتك، حەمە. (٢٠١٨). میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر.

-مەولەوی، سەید عەبدوڕەحمی تاوگۆزی. (١٣٧٨). دیوانی مەولەوی. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح مەلا عەبدولکەریم. سنە: بڵاوکراوەی کوردستان.

-مەولەوی، سەید عەبدوڕەحیمی تاوگۆزی. (٢٠٠٨). دیوانی مەولەوی. پێداچوونەوە: (گۆران عەباس). وەرگێرانی: لە هەوراميیەوە بۆ سۆرانی (محەمەد ئەمین ئەردەڵانی). تهران: مەهارەت.

-نازدار، حەسەن. (٢٠١٠). ئەدەبیاتی نامە و نامە لای مەولەوی تاوگۆزی. سلێمانی: سایە.

-هاڵبێرگ، پیتەر ودانەرانی تر. (٢٠١٨). تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی. ئامادەکردن و وەرگێرانی: (ئەنوەر قادر محەمەد). چاپی٣. سلێمانی: ناوەندی ئەندێشە.

**سەرچاوەی عەرەبی**

-عزام، محمد. (١٩٩٦). نقد و الدلالة. بغداد: منشورات وزارة الثقافة.

-هامون، فليپ. (١٩٩٠). سيمولوجية الشخصية الروائية. ترجمة: سعيد بنكراد. المغرب: دار الكلام الرباط

**ملخص:**

يضم تاريخ الأدب الكردي الكلاسيكي العديد من الشعراء الرواد والمبدعين حيث تنعكس مكانتهم في منجزهم الشعري من جهة، وفي الشعر الكردي الحديث من جهة أخرى. وقد احتل (مَولَوي) - الشاعر المبدع وأواخر شعراء المدرسة الشعرية التقليدية للهجة الگورانية، بعد (نالي) المرتبة الثانية من حيث ذكر اسمه في منجزات (شيركو بيكس). على الرغم من أن بيكس كان وريثاً ومتواصلاً لمدرسة بابان الشعرية، إلّا أنّه اتخذ توظيف (مولوي) إلى جانب نالي كدلالةٍ إلى حدٍ ما، على الرغم من المعروف أن نالي قد أحدث ثورة في المدرسة التقليدية الكردية، على عكس مولوي الذي كان مدافعًا عنها وممثلاً لها، إلا أنّه لا يوجد في ثنايا الرسائل الشعرية العديدة بين مَولوي وأصدقائه الشعراء ما يدل على عدم إعجاب مولوي بمشروع نالي، لكن خارج صراع الحركات الشعرية في ذلك الزمن شيركو بيكس يعد كل من نالي ومولوي مبدعينِ عظيمينِ في الشعر الكردي، فضلاً عن ذلك لأغراض وبقصديات مختلفة يوظفهما كدوال شعرية ويُحَمّلهما معاني ودلالات مختلفة.

إن كثرة إشارات بيكس كشاعر محدث إلى الشاعر الكلاسيكي مولوي مع أنه خارج دائرة لهجته الشعرية، إن دل على شيء فيدل على عظمة (مولوي) بالنسبة لبيكس ومدى معرفة الثاني ووعيه بمكانة الأوّل في تاريخ الأدب الكردي. وبيكَس في السنوات الأولى من شعره حتى عام ١٩٩٩م، يشير إلى اسم مولوي في أكثر من ٣٩ مرة خلال ٣١ نص من نصوصه. وبالطبع هذه الإشارات لا تخلو من معاني ورمزيات شعرية. بيكس يتخذ بيتاً شعرياً لمولوي كبوابة لقصيدة له، وفي مقدمة كتاب له يتحدث عن مكانة مولوي وآخرين ممن لهم حضور في نصوصه الشعرية. حاولنا في هذه الدراسة أن ندرس دلالات تلك الرموز وفق المنهج (الوصفي التحليلي).

sjh@univsul.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** شعر، دلالة شعرية، مولوي، شيركو بيكس.

**Mawlawi and his dialects in Sherko Bekas poetry**

**Summary**:

The history of classical Kurdish literature includes a number of pioneering and creative poets. The place of these poets is reflected both in contemporary poetry and in modern Kurdish poetry. Mawlawi ،the creative poet and great teacher of the School of Poetry ،has taken second place after Nally ،in mentioning his name in Sherko Bekas' works. No one ،even though he is an heir and a continuation of Baban's school ،has used it as a means to a degree ،as well as Nali. Although it is read that Nali has revolution the old Gorani poet school and Mawlawi defended him as a representative of the school ،there is no dispute among the many poems of Mawlawi and his poet friends. It's as if he didn't like the project. But Sherko Bekas ،outside the struggle of the poetic movements of that time ،Nali and Mawlawi ،as two great inventors of Kurdish poetry ، opens them up to different purposes. The many references of Bekas as a modern poet for Mawlawi as a classical poet ،even outside his own circle ،means the greatness of Mawlawi by the poet and the poet's knowledge and awareness about mawlawi's position in the history of Kurdish literature. In the early years of his poetry until 1999 ،Bekas refers to more than 39 of 31 his texts. These words are not the words of the meaning and meaning of poetry. Bekas is a poet with his own gate ،and in his introduction to a product ،he talks about mawlawi's position ،and the rest are in his poetic texts. In this study ،we tried to explain the sides of these symbols in a descriptive-analytic method.

**Key words**: Mawlawi ،Sherko Bekas ،poetry